ستانده‌ر
STANDARD

ده‌زگای ستانده‌ر بۆ ڕاگه‌یاندن و توێژینه‌وه

(٢٣)

# له‌ بڕیاری ڕیفراندۆمه‌وه‌ بۆ شازده‌ی ئۆكتۆبه‌ر

## توێژینه‌وه‌یه‌كی مێژوویی سیاسییه

ئاماده‌كردنی
د. قاره‌مان نادر محه‌مه‌د

پێداچوونه‌وه
بۆردی توێژینه‌وه‌ ده‌زگای ستانده‌ر

هه‌ولێر
كانونی یه‌كه‌م ٢٠١٨

# له بڕیاری ڕیفراندۆمەوە بۆ شازدەی ئۆکتۆبەر

## توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە

ئامادەکردنی

**د. قارەمان نادر محەمەد**

پێداچوونەوە

**بۆردی توێژینەوە دەزگای ستاندەر**

**توێژینەوەی:** له بریاری ڕیفراندۆمەوە بۆ شازدەی ئۆکتۆبەر (توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)

**ئامادەکردنی:** دکتۆر قارەمان نادر محەمەد

**پێداچوونەوە:** بۆردی توێژینەوە دەزگای ستاندەر

**توێژینەوەی تایبەت ژمارە (23):** بۆردی توێژینەوە دەزگای ستاندەر سەرباری توێژینەوەکانی خۆی توێژینەوەی تایبەتیش (بەمەرجە زانستیەکانیەوە) بڵاودەکاتەوە مەرجیش نییە گوزارشت لە بیروڕای دەزگاکە بکات.

**شوێن و ساڵی بڵاوکردنەوەی:** هەولێر - کانونی دووەمی 2018

# ناوەڕۆک


## پێشەکی

## تەوەری یەکەم

بارودۆخی شاری کەرکوك بەر لە شانزدەی ئۆکتۆبەر

## تەوەرەی دووەم

هۆکارەکانی ڕودانی شانزدەی ئۆکتۆبەر

یەکەم: ئەنجامدانی ریفراندۆم

دووەم: کێلگە نەوتیەکانی هاڤانە و بای حەسەن

سێیەم: ماددەی ١٤٠ی دەستوری عێراقی

چوارەم: قەزای حەویجە

پێنجەم: نابەرامبەری هێز

## تەوەرەی سێیەم

روداوەکانی ڕۆژانی ١٤ و ١٥ ئۆکتۆبەر

## تەوەرەی چوارەم

فشاری نێودەوڵەتی و عینادی سەرۆکایەتی

هەرێم و هەلوێستی پارتە سیاسیەکانی کوردستان

یەکەم: هەڵوێستی نێودەولەتی

دووەم: هەڵوێستی وڵاتانی ئیقلیمی

سێیەم: هەڵوێستی پارتە سیاسیەکانی کوردستان

## تەوەری پێنجەم

روداوەکانی شانزدەی ئۆکتۆبەر

پاشەکشەی پێشمەرگە لە نێوان خیانەت و ئەمری واقیعدا

## ئەنجام و ڕاسپاردە

## لیستی سەرچاوەکان

## پاشکۆی بەڵگەنامەکان

# پێشەکی

لە رۆژی 2017/6/7 بڕیاری دیاریکردنی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە 2017/9/25 درا و، تاوەکو ١٦ی ئۆکتۆبەری 2017 بۆ گەلی کورد ڕوداو گەلێکی تراژیدی گەورەی مێژوویان لە خۆ گرت و پرۆسەی مافی چارەی خۆنوسین و نیشتمان پەروەریان خستە بەردەم پرسیاری جدی. لە بنەڕەتیشدا ئەم شکستانە تێکشکانی گەلی کوردستان نەبوو، ئەوەندەی شکستی ئەقلیەت و زهنێکی کۆنەپەرستانەی ماوە بەسەرچوو بووە، ئەم عەقلیەتە تێکەڵەیەکی (بنەماڵەی- خێلایەتی- تاکگەراییە) بە بۆیەی کوردایەتی ڕەنگرێژ کراوە، هەمیشە خۆی بەکایەی نەتەوەوە هەڵواسیوە، ئەویش لە دەرئەنجامی واقعی سیاسی کوردستان لە دایك بووە، نەیتوانیوە لەو واقعەی دەقی پێوە گرتووە دەربازی بێت، ئەویش عەقلی حیزبگەرایی و خێلایەتیەکەیەتی، لەوێشەوە بە ئاراستەی گروپ پەرستی و لە گروپ و دەستەشەوە بەرەو جەمسەرگیری تاك، تاکایەتیش بەرەو پیرۆزی بردن.

تەنانەت ئەم ئەزمون و عەقلیەتە میلیگەرایەی بە لۆژیکی رەش و سپی مامەڵە لەگەڵ تێکڕایی رووداوەکان کردووە و خۆی ڕادەست بە قەدەر کردووە و قومار بە چارەنوسی گەلێکی ئەنفالکراو و کیمیابارانکراو سەدان جار دەربەدەری و مالوێرانی کوردستانەوە دەکات.

دواتریش لەبەرپرسایەتییە مێژوویەکان هەڵدێن و تۆمەت بۆ یەکتری دەبەخشنەوە، شکستەکان بێخاوەن لە گۆرەپانی سیاسی و کۆمەلایەتی بەجێ دەهێلن دەرئەنجام خاوەنداریێتی شکستەکان تەنها بۆ گەل دەمینێتەوە.

بەهەرحال دوای دەرکەوتنی دەرئەنجامەکانی ریفراندۆمی 25ی ئەیلول، ئێستا لەبەردەم روداوگەلێکی خراپدا لێکۆلینەوە لە فاکتەر و دەرئەنجامەکانی دەکەین، رەنگە کوردستان بە گشتی و باشوری کوردستان بە تایبەتی بارودۆخەکەی تا ئاستێك هەستیار و مەترسیداربێت، تەنها بە ١٦ ئۆکتۆبەر نەوەستێتەوە، بەڵکو دووچاری پیلانگێری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ببێتەوە، ئەگەر تێکرای پارتە سیاسیەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی کوردستانی لەم مەترسیانە تێنەگەن و هەوڵی ساڕێژکردنی برینەکانیان نەدەن، ئەستەمە بتوانرێت پێش بە شکستەکان بگرین، کە دەرئەنجامی لەخۆبایی بوون و سەرکێشی سیاسی سەرکردایەتی کورد هاتوونەتە بەرهەم، بێ ئەوەی تێگەیشتنیان بۆ پێگەی خۆیان لە نێو کایە سیاسیەکانی جیهاندا کردبێت.

# تەوەری یەکەم

## بارودۆخی شاری کەرکوك بەر لە شانزدەی ئۆکتۆبەر

# بارودۆخی شاری کەرکوك بەر لە شانزدەی ئۆکتۆبەر

کێشەی کەرکوك لە نێوان کورد و ناسیۆنالیستی عەرەبی لە عێراقدا شتێکی نوێ نیە و ئەم کێشەیە بۆ دەیان ساڵ بەرلە ئێستا دەگەڕێتەوە، لە دوای دامەزراندنی حکومەتی عێراقەوە بە هۆی دەوڵەمەندی سەرچاوە سروشتیەکان و بەرهەمهێنانی نەوت، هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای داوە، ئەم ئەم پرۆسەیە قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێ دەکرا، لە نێوەراستی سیەکانی سەدەی رابردوودا چەندین هۆزی عەرەبییان لە ناوچەکانی دیالەوە بۆ باشورو بەشێك لە رۆژئاوای ئەم شارە گواستەوە و خاك و ئاوی هۆزە کوردیەکانی ئەم ناوچەییان پێ بەخشین، لە دوای هاتنی رژێمی بەعس لە ١٩٦٨، ئیتر پرۆسەی بە عەرەب کردن بوو بە پیلانێکی ستراتیژی ئەرکی سەرەکییان و بودجەی بۆ تەرخان کرا و هەزاران خێزان بۆ نێو کەرکوك و دەوروبەری گواسترانەوە، هەوڵی گۆڕینی دیموگرافیای شارەکە بە چڕی خرایە بواری جێبەجێ کردنەوە، لە دوای روخانی حکومەتی بەعس لە ٢٠٠٣، دوای دروست بوونی ئەنجومەنی حوکم لە عێراقدا کێشەی کەرکوك خزێندرایە نێو ماددەیەکی یاسای بە ناوی ماددەی (٥٨)، دوای دانانی دەستوری هەمیشەیی ئەم ماددەیە گواسترایەوە بۆ نێو دەستوری هەمیشەی ولە ماددەی ١٤٠ دا دارێژرایەوە، چارەسەرکردنی کێشەکانی شارەکە ئاماژە بە چەند قۆناغێك دەکات و دواین قۆناغ پێویست بوو لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ تێپەڕنەکات، بەڵام ئەو کارە ئەنجام نەدرا و یەکلاکردنەوەی چارەنوسی شاری کەرکوك بە ئەنجام نەگەیشت، لە دوای هاتنی داعش لە ٢٠١٤ ، بارودۆخی شارەکە لە لایەن هێزەکانی کوردستانەوە بەرێوە دەبرا و پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگارلە روی ئیداریەوە کاروباری شارەکەیان بەرێوەدەبرد و هێزەکانی پێشمەرگەش لە چوار دەوری شارەکە بە خوێنی خۆیان پارێزگاریان لە ئاسایش و ئارامی شارەکە کرد و بەرەنگاری گەورەترین و سەرسەخترین دوژمنی مرۆڤایەتی بونەوە، کە داعش بوو، بەلام لە نێو ئەم شارەدا کێشەگەلی زۆر هەبوون کە دەسەلاتدارێتی شارەکە و پارتە سیاسیەکان بە دەستیەوە دەیانناڵاند، نەك هەوڵی نەدا چارەسەرکردنی کێشەکانی بکات، بەڵکو رۆژ بەرۆژ کێشەکان قوڵ تر دەبوونەوە و دەرکەوتەکانی ئاشکرا تر و روون تر دەبونەوە.

**بۆیە لێرەدا پێویستە ئاماژە بە هەندێك لەو کێشانە بکەین کە بریتین لە:**

١.کێشەی نێوان پارتیە سیاسیەکانی کوردستان دەردێکی کوشندە بوو کە بەرۆکی شارەکەی گرتبوو[1]، بوونی دوو ئاسایش و دوو بۆچونی جیاواز و ململانێی سەختی حزبایەتی، بە تایبەتی لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەم ململانێیە لە زۆربەی جومگەکاني حکومراني رەنگیدابووەوە و فاکتەرێکیش بوو بۆ ئەوەی نەتوانرێت سیاسەتێکی سەرکەوتوو لە شارەکەدا پیادە بکرێت[2]. گواستەوەی بەشێك لەم کێشانەوە بۆ بەغداد کارێکی تر بوو کە کاریگەری لە سەر یەکریزی نەتەوەیی دروست کرد[3].

سەبارەت بەو چەك و کەرەسە سەربازییانەی کە بۆ هێزی پێشمەرگە دەهات، وەستا رەسول لێپرسراوی میحوەری چواری باشوری کەرکوك دەلێت: ئێمە لە ٢% ی ئەو چەکانەی هاوپەیمانان بە هەرێمی کوردستانیان دەدا سود مەند نەبوین و کۆگاکانی چەك لە لایەن پارتیەوە قۆرغ کرا بوو[4]، فەرماندەیەکی تر دەلێت " نەمانتوانیوە بە دیدێکی نیشتمانپەروەری پارێزگاری لە شاری کەرکوك بکەین، بەڵکو دوای بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆمان کەوتین، لە بری

(1) www.washgtonpost.com %2 famphtml%2fworld%2middle east %2firaqis-seize-military-base-oilkurdish forces near kerkok..25/11/2017

(2) چاوپێکەوتن لە گەل یاسین دەربەندي(یاسین مەولود عولا، لە دایك بووي ١٩٧٦ي گوندی دەربەندی سەر بە ناحیەی دێگەلەیە، فەرماندەی فەوجی سێ لە لیوای ١١٤ی هێزەکانی حەفتایە)، گوندی ئیلنجاغی ناحیەی شوان، ٢٠١٧/٢٤،١٠ .

(3) فەرماندەی هێزەکانی هەشتا کە نەیوست ناوی بلاو بکرێتەوە، میحوەری پێنجی رۆژئاوا، ناحیەی پردێ-ئالتون کۆپري، ٢٠١٧/١١/١٠.

(4) چاوپێکەوتن لە گەل وەستا رەسول،(رەسول عومەرلەتیف لە گوندی مەرزیخەی ژوورو لە سای ١٩٦٢ لە دایك بووە، چەندین پلەی فەرمانەدەی لە نێو ریزەکانی ي.ن.ك دا بینیوە، لە ئێستادا ئەندامی سەرکردایەتی و فەرماندەی میحوەری چواری باشوری کەرکوکە)، گوندی مەرزیخە، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١١/٧.

پارێزگاری لە خەڵکی شارەکەو و پیادەکردنی ئەرکی نیشتمانی، سەرقاڵی نەوت بردن بووین و نەمانتوانی تورکمان و عەرەبي شارەکە لە خۆمان رازی بکەین، تەنانەت گەنجەکانمان لە هەندێك شوێندا غەدریان لە نەتەوەکانی تر کردبوو"[5]، لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت لە کەرکوکدا سێ حکومەت فەرمانرەوای دەکرد (عێراق و پارتی و یەکێتی) جگە لەوەی تورکمانەکان دانییان بە کەسماندا نەدەنا[6]، چونکە نەمانتوانی بۆ لای خۆمان کێشیان بەکین و دڵنیایی پێ بدەین، ئەمەش بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت کە نەتەوەکانی تر دەسەلاتدارێکی کورد لە شارە رەتبکەنەوە و یاخیبن لە هزری گەرانەوەي کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

٢. کێشەکانی نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستان: بەشی هەرە زۆری ئیدارەی شارەکە لە لایەن یەکێتیەوە بریاری لێوە دەدراو شێوازی بەرێوە بردنی دیاری دەکرا، ئەوەی هەستی پێدەکرا گرژی لە نێوان مەڵبەندی دووی کەرکوك و پارێزگاری شارەکە (دکتۆرنجم الدین کەریم) بوو، لە هەمانکاتدا ئەندامی مەکتەبی سیاسي یەکێتی بوو، تا دەهات ئەم کێشانە زەقتر دەردەکەوتن و هێرشي راستەوخۆو ناراستەخۆیان دەکرد سەر یەکتری و تۆمەتی جیاوازیان بۆ یەکتری دروست دەکرد، جگە لەوەی لە نێو رێکخستنەکانی شارەکە تەکەتولات بوونی هەبووە، بەشێك لە کادیرەکان فەرامۆش کرابوون. فەرماندەیەکی پێشمەرگە لای وایە ململانێي نێوان باڵەکانی یەکێتی لە شاری کەرکوك بە گشتی ململانێی نێوان دکتۆر نەجمەدین و بەشێك لە مەکتەب سیاسیەکانی تر، لە سەر دەست بە سەراگرتنی ئابوری شارەکە و کۆنترۆل کردنی داهات بووە[7].

٣. گەندەڵی دەردی هەرە کوشندەی کارکردن لەم شارە بووە و گروپی مافیا ئاسا لە نەتەوەی کورد لەم شارەدا پەیدا بوون، کاری نایاسییان ئەنجام دەدا، بە تایبەتی دژي هاولآتیانی نەتەوەی عەرەب و تورکمان، بێ ئەوەی بتوانرێت ئەم دیاردەیە کۆنترۆل بکرێت[8].

لە سەردانێکمان بۆ لای سەرۆك کۆماری پێشو تر جەلال تالەبانی لە ٢٠٠٩/٣/٢٧ لە ماڵی خۆی لە دەباشانی شاری سلێمانی، دوای کاتژمێرێك گفتوگۆ هاورێکمان بە ناوی (س.م) بە مام جەلالی وت چەند گروپێکی مافیا ئاسا لە شاری کەرکوك بوونیان هەیە، بەڵام مام جەلال گرنگی بە وتەکەی نەداو ئامادە نەبوو زیاتر گوێبیستی ئەو بابەت بێت[9].

فەرماندەیەك باسی لەوە دەکرد کە بەشێك لە هێزەکانی پێشمەرگە ببووە پاسەوانی بەرژەوەندیە تایبەتیەکان و دەوڵەمەند بوونی هەندێك لە بەرپرسە سیاسي و سەربازییەکان، ئەمەش بازرگانی کردن بە خوێنی قوربانییەکانەوە بوو[10].

٤. هەڵدانی ئالآی کوردستان لە لایەن دکتۆر نەجمە دین کەریمەوە کێشەی زۆرینایەوە بە تایبەت لە لایەن نەتەوەی عەرەب و تورکمانی شارەکە بە تەواوی رەتکرایەوە[11]، ئێمە پێمان وایە مەسەلەی ئالا تەنها بیانوو بوو، ئەگینا حکومەتی عێراقي بەرنامەی کۆنترۆل کردنەوەی شاری کەرکوکی هەبووە و هەموو کاتێك بۆ ئەو ئامانجە هەوڵیداوە لە

---

[5] مام سیامەند ناوی تەواوی یامەند حەمە رەزا فەتاحە لە دایك بووي ١٩٥٧ي گوندی تیمارۆکی دەشتی کۆیە، لە سالی ١٩٨١/٨/١٨ پێشمەرگەیە، ئێستا فەرماندەی لیوای ١٢٦ هێزەکانی حەفتای ي.ن.ك(چاوپێکەوتن، کۆیە، ٢٠١٧/١١/٢٥).

[6] ه.س.

[7] چاوپێکەوتن لە گەڵ حەمە رێگر،(حاجی محمد لە سالی ١٩٦٩ لە قەزای چەمچەماڵ لە دایك بووە، لە مانگە ١٢ی ١٩٨٥ پەیوەندی بە ریزەکانی پێشمەرگەوە کردووە، ئێستاش جێگری میحوەری پێنجی رۆژئاوای کەرکوکە)، میحوەری پێنجی رۆژئاوا، ناحیەی پردێ-ئالتون کۆپري، ٢٠١٧/١١/١٠.

[8] س.ح.ن: گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.

[9] دیداری تایبەت لە گەل بەرێز سەرۆك کۆمار جەلال تالەبانی

[10] س.ح.ن: گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.

[11] چاوپێکەوتن لە گەل وەستا رەسول، گوندی مەرزیخە، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١١/٧؛ چاوپێکەوتن لە گەل هیوا رەش(هیواعەبدوللا ئەحمەد لە ١٩٦٤ لە گوندی تەق تەق لە ناوچەی قەزای دبس لە دایك بووە، لە ١٩٨٦ وە بێدابران پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە، ئێستا جێگری میحوەری چواری کرکوکە) ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٧/١١/٦.

٢٠١٤ نـوری مـالکی ئۆپراسـیۆنی دیجـلەی بـۆ کـۆنترۆل کردنـی کەرکـوکی دروسـت کـرد، لە ڕاسـتیدا هەڵـدانی ئـاڵای کوردسـتان کـارێکی دروسـت و پرۆژەیەکـی گونجـاو نەبـووەو تـاکلایەنە ئەنجـام دراو پارلەمـانی کوردسـتان بڕیـاری لەم بـارەوە نەدابـوو، تەنـانەت بـاس لەوە دەکرێـت ئەم کـارە بـۆ شـاردنەوەی تۆمەتەکـانی نەجـمە دیـن کەریمی پارێزگاری شـارەکە بـووە، زیـاتر لەوەی پرۆژەیەکـی نیشـتمانی بوبێـت، بـاس لەوەش دەکرێـت کە مەکتەبـی سیاسـي یەکێتي نیشـتمانی کوردسـتانیش ئاگاداری ئەو بڕیارە نەبووە.

٥. گفتوگـۆی هێـزی پێشـمەرگەو هێـزە عێراقیەکـان: ئامـانجی هێـزە عێراقیەکـان گەڕانەوە بـوو بـۆ پـێش ڕوداوەکـانی ٢٠١٤ و بەرلە هـاتنی داعـش، بەڵام کـورد ڕازی نەبـووە ئەو ناوچـانە ڕادەسـتی حکـومەتی عێراقـی بکـاتەوە[12]، وەسـتا ڕەسـول دەڵێـت" ئـێمە گفتـوگۆمـان لە گەل هێزەکـانی عێراقـدا هەبـوو، لە ٩/٢٤ شـاندی هێزەکـانی عێـراق سـەردانی ئێمەیـان کـرد، بڕیـار بـوو ٢٥ مـانگیش بێـنەوە"[13] بەرپرسـانی سـوپای عێـراق ڕایانگەیانـد کە بە هـۆی ریفرانـدۆمەوە نەهـاتونەتەوە، بەڵام ریفرانـدۆم بـارودۆخی پەیوەنـدییەکانی نێـوان هێزەکـانی پێشـمەرگە و هێزەکـانی عێراقی گـۆڕی و هەڵویسـتی حکـومەتی عێراقی چـووە قۆنـاغێکی نوێـوە [14]، لە هەمانکاتـدا بـۆ ئـێمە سـەخت بـوو، کە هێزەکـانی حکـومەتی عێراقی هاوکـارو هەمە ئـاهەنگی یەکتـر بـووین لە شـەری دژیە داعـش و کۆبـونەوەو سـەردانی یەکتریمـان دەکـرد لەو مـاوە کـورتەدا وەکـو دوژمـن مامەڵەیـان لە گەڵـدا بکەیـن، لە کاتێکـدا سـەرکردە سـەربازیەکانی عێـراق وەکـو دوژمـن قسـەیان لە گەڵ ئـێمەدا نەدەکـرد، کە بەشـێکیان لە کـورد بـوون. تەنـانەت لە کـاتی پێشـرەوی و جـوولە سـەربازیەکاندا نـامەی ئاگـادرکردنەوە و نەخشـەی جـولە سەربازیەکانیان بۆ دەناردین تەنانەت لە نامەکاندا بە برای خۆشەویست نامەکانییان ئاراستە دەکردین[15].

سـنور میدیا وتەیەکـی حیـدر عەبـادی لە ڕۆژنـامەی لـۆس ئەنجلـس تـایمز گواسـتۆتەوە و دەڵێـت: لە سـەرەتای ریفرانـدۆمەوە وتومـانە ئـێمە هـاولاتی یەك وڵاتـین، ئەمە بە خـوێن دەپـارێزین-واتە جیـابونەوە و ریفرانـدۆم قبـوڵ نـاکەین-، ئەمە هەڵەیە و بڕیـاری تـاکلایەنە و جیـابونەوە و سـنوردانان هەڵە بـووە[16]. هەڵـبەتە ئەم جـۆرە هەرەشـانەی حەیـدەر عەبادی چەندین جار ئاراستەی سەرکردایەتی کورد کرا.

٦. پاشەکشـەی یەکەم: تالیـب مـام فـاروق دەڵێـت: دوای کۆبـوونەوەی سـەرکردەکانی پێشـمەرگە لە ڕۆژي ١٤ ئۆکتـۆبەر بڕیارمانـدا هێزەکانمـان بـۆ سـەنگەرە بەردینەکـانی ئەم بەر ئـاوەکە پاشەکشـە پێـبەکەین، چـونکە ئـێمە هێزەکانمـان لە پانتـایەکی فراوانـدا بلاوکردبـووەو ئالیـاتی سـەربازی حکـومەتی عێراقی زۆر بە ئاسـانی دەیتـوانی هێزەکانمـان تێـپەر بکـات، بە مەبەسـتی تـۆکمە کردنـی پـێگەی جەنگی هێزەکانمـان ئەو کارەمـان ئەنجـام دا[17]، هەروەهـا دەڵێـت: هێزەکـانی سـوپای عێـراق سـەردانی سـەنگەرەکانی ئێمەیـان کـرد لە میحـوەری چـوار، بە پاسـاوی هێـرش بـۆ سـەر قەزای حەویـجە و چەنـدین وێـنە و ڤیدیۆییان تۆمار کرد؟!

هێزەکـانی عێراقـی لە لایەن ئێرانیەکـانەوە ئاراسـتە دەکـران، لە ڕۆژي ١٦ ئۆکتـۆبەر لە کـاتی تـێکەڵ کردنـی جیهازەکانـدا گوێمان لێ دەبوو بە فارسي قسەیان دەکرد[18]

(12) (25) www.washgtonpost.com %2 famphtml%2fworld%2middle east %2firaqis-seize-military-base-oilkurdish forces near kerkok..25/11/2017

(13) چاوپێکەوتن لە گەل وەستا ڕەسول، گوندی مەرزیخە، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١١/٧.

(14) چاوپێکەوتن لە گەل هیوا رەش، ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٧/١١/٦.

(15) بروانە پاشکۆی (٢،٣).

(30) www.snor media.com.٢٠١٧/١١/٢٠

(17) چاوپێکەوتن لە گەڵ تالیب مام فاروق، گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.

(18) چاوپێکەوتن لە گەل وەستا ڕەسول، گوندی مەرزیخە، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١١/٧؛ چاوپێکەوتن لە گەل هیوا رەش، ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٧/١١/٦.

ئەوەی جێگەی سەرنجە هێزەکانی پێشمەرگە لە تێکرای پاشەکشەکاندا بە شێوەیەکی نیمچە هەرەمەکی پاشەکشەیان کردووە، تەنانەت لەوە دەچێت دوای ئەوەی بڕیاری پاشەکشەیان دابێت ئیتر نەیانتوانیووە بە سەر هێزەکانیاندا زاڵ بن و کۆنترۆڵی بکەنەوە. ئەمەش بە خاڵی لاواز بۆ سەرکردە سەربازییەکان دادەنرێت.

لاهوری شێخ جەنگی فەرماندەی هێزەکانی دژە تیرۆر دەڵێت: بڕیار وابوو لە ١٢ مانگ هێرشي سوپاي عێراق ئەنجام بدرێت، هەوڵماندا لە ڕێگەی گفتوگۆوە کێشەکە چارەسەر بکەین و لە گەڵ سوپای عێراقدا ڕووبەری هێرش نەبینەوە، بۆیە داوامان کرد ٤٨ سەعات پێشرەویان ڕاگرن بۆ ئەوەی کارێك ئەنجام بدەین و هێرش ئەنجام نەدرێت، بەلام بە هۆی ئامادە نەبوونی مسعودەوە کۆبونەوەکەی دوکان بۆ ١٥ مانگ دواخرا، بۆیە ناچار بوین داوای ٢٤ سەعاتی تریش بکەین، بۆ ئەوەی بەگفتوگۆ چارەسەری کێشەکان بکرێت، بڕیار بوو بە نێوەندگیری هێزەکانی هاوپەیمانان هێزەکانی عێراق بێنە سەربازگەی کەیوان و شارەکە بە هەماهەنگی بەڕێوە بەرین، بەلام کۆبونەوەکەی دوکان هەرەشەکانی بە هەند وەرنەگرت[19].

وەستا ڕەسول فەرمانی بە هێزەکانی پێشمەرگە کرد دەست پێشخەری هەلگیرسانی جەنگ نەکەن، بەڵام کەمال کەرکوکی فەرماندەی میحوەری پێنج، زیاتر باسی لە حەشدی شەعبی دەکرد و بە ترسنۆك و بێبەها تەماشای دەکردن، دەیوت دەتوانین دژیان بجەنگین ئاگری شەڕی خۆش دەکرد[20]، چەندین فەرماندەی تری بەرزی ولات مەیدان خوازییان دەکرد و ئاماژەییان بەوە دەکرد کە خوازیارن هێزە عێراقیەکان هێرش ئەنجام بدەن لەوانە وەستا ڕەسول و هێمن هەورامی و شێخ جەعفەر و کەمال کەرکوکی... تەنانەت مەسعود بارزانی لای وابوو کە بە هیچ شێوەیەك هێرشی سەربازی ئەنجام نادرێت، ڕەنگە ئەمە هۆکارێك بووبێت بۆ ئامادە بوونی ئەو مەیدان خوازییە، چونکە کاتێك هێرش کرا هەموو هەرەشە و لێدوانەکان پێچەوانە بوونەوە و کەوتنە تاوانبار کردنی یەکتر و هێرشي دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ سەر یەکتری، بە شێوەیەك کە ڕاستیەکان وون کران.

هێزەکانی حکومەتی عێراقی لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە بەشێوەیەك نزیك ببونەوە لە هەندێك سەنگەردا پێشەوەی هەمەرەکانیان بە سەنگەری پێشمەرگەوە نوسابوو، جموجۆڵی ناجۆریان ئەنجامدا، سەرەرای ئەوەی لە شوێنی جیاوازەوە پەیاممان بۆ دەهات کە شەر روونادات و سوپای عێراقیش ڕاینگەیاند ئێمە شەری پێشمەرگە ناکەین، تەنها هاتووین بیرە نەوتیەکان بگرینەوە[21]، هێزەکانی سوپای عێراق دەیانویست بە ئاراستە هێزەکانی پێشمەرگە پێشرەوی بکەن داعش تەقەی لێیان کرد و پاشەکشەیان کرد، دواتر هەوڵیاندا لە خەرابەروت و گوندی مەلا عەبدوللاوە پێشرەوی بکەن لوێشەوە شکستیان هێنا[22].

بڕیارێك هەبوو ڕۆژي چوار شەممە ١٢ ئۆکتۆبەر بۆ نێوشاری کەرکوك یان دواین خالەکانی چوار دەوری شارەکە پاشەکشە بکەین، بەلام لە ڕۆژي سێ شەممە ١١ ئۆکتۆبەر لە میحوەرەوە پەیام هات کە پاشەکشە ناکەین[23] ئێمە هەرگیز بیرمان لەوە نەدەکردەوە، سوپای عێراق بە گلۆپي سەوزی ئەمریکیەکان هێرشمان بکاتە سەر لامان وابوو ئەمریکا ڕێگە بەو کارە نادات[24]. بەرگری بۆ ئێمە سەخت بوو، چونکە ئەو سەنگەرانەی بۆ شەری دژی داعش دروست کرا بوون بۆ شەرکردن دژی هێزەکانی عێراقی لە باروگونجاو نەبوون[25]. یاسین دەربەندی دەلێت ئێمە تەنها ٣٠ مەتر لە سوپاکەی عێراقەوە دوور بووین، جگە لە تانك و تۆپ و دەیان هەمەرو باجەر ٢١ هاوەنیان بە ئاراستەی سەنگەری

---

(19) facebook.com/Kurani.gall/videos,166135536777243.

[20] لە کاتێکدا هێزەکانی پێشمەرگە بەشێکن لە پێکهاتەی سوپاي عێراق (چاوپێکەوتن لە گەڵ هیوا ڕەش، ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٧/١١/٦).

[21] تالیب مام فاروق: گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤؛ هـ.م.ف، فەرماندەي پێشمەرگە لە باشوری کەرکوك، قەرەناو ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٧؛ یاسین دەربەندی، گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.

[22] تالیب مام فاروق، گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.

[23] هـ.س.

[24] چاوپێکەوتن لە گەڵ مام سیامەند، کۆیە، ٢٠١٧/١١/٢٥.

[25] تاریق کانی ڕەشي (تاریق نامق سلێمان لە سالی ١٩٧٣ لە گوندی کانی ڕەشی دەشتی کۆیە لە دایك بووە، ئێستا جێگری فەروجە لە لیوای ١١٤ هێزەکانی پێشمەرگە)، گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.

ئـێمە دانـا بـوو، چـاوەڕوانی ڕوداوەکـان بـووین، هەرچەنـدە چـاوەڕوانی کـاریگەری خراپـی کـرد بـوو، لە سـەر گیـانی بەرگـری هێزەکانمان هەبوو[26].

٧.بە گشـتی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بە شـێوەیەکی گونجـاو نەیتوانیـوە لە ئاسـتە باڵاکانـدا بەشـداری بە کەمە نەتەوەکـان بکـات و لە پۆسـتە باڵاکانـدا شـوێنی شـیاو و دەسـەڵاتی شایسـتەیان پـێ بـدات[27] بـۆ نمـونە جێگـری سـەرۆکی هەرێم یان جێگری سەرۆکی حکومەت یان وەزارەتی ناوەخۆو دارایی ، بەڕێوبەری ئاسایش...هتد

[26] یاسین دەربەندی، گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.

[27] تالیـب مـام فـاروق: گونـدی ئیلنجـاغ، نـاحیەی شـوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤؛ هـ.م.ف، فەرمانـدەي پێشـمەرگە لە باشـوری کەرکـوك، قەرەنـاو نـاحیەی شـوان، ٢٠١٧/١٠/٢٧؛ یاسین دەربەندی، گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.

# تەوەرەی دووەم

## هۆکارەکانی ڕودانی شانزدەی ئۆکتۆبەر

# هۆكارەكانی ڕودانی شانزدەی ئۆكتۆبەر

## یەكەم: ئەنجامدانی ریفراندۆم

ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەو هەلومەرجەی كە كوردستان پێیدا تێدەپەری، هەڵەیەكي سیاسي زۆرگەورە بوو، لەوە خراپتر حیساب نەكردن بوو بۆ ساسەتی ئەمریكا دەرحەق بە كات و زەمینەی ریفراندۆم و رێكارە فەرمیەكانی و نەتەوە یەكگرتووەكان و ئەنجومەنی ئاسایش و حیساب نەكردن بۆكاردانەوە توندەكانی توركیا و عێراق و ئێران و نەخوێندنەوەی لۆژیكانە بۆ هەلومەرجی ناوچەكە، بەو هۆیەوە زیانێكی زۆرگەورەشی بەر نەتەوەی كورد كەوت[28]، ئەوەی هەموو خولكی كوردستان و لایەنە سیاسیەكان لە سەری كۆكن، ئامانجی هەموو شۆرش و ڕاپەرینەكان لە دوا قۆناغدا ڕوون ئاشكرا بووە، جا چ جارڕدا بێت یان شاراوە بێت، ئەوەش پێویستی بە بناغەو دارشتنی یاسای و سیاسي و كۆمەڵایەتی و ئابوری و ئەخلاقي هەیە، ریفراندۆم ئەوەندەی ئیعلامی و گۆتاری نیە، چونكە بە جاڕدان و ڕاگەیاندن دروست نابێت، یاسر عەرەفات لە ساڵی ١٩٨٨وە جاری دەوڵەتی فەلەستینی داوە، سەرەڕای ئەو هەموو پشتیوانیە نێو دەوڵەتیە و بڕیاری ٢٤٢ نەتەوە یەكگرتووەكان، كەچی چونكە ئامادە كاری نەكرد بوو، سەركەوتوو نەبوو[29].

ئەنجامدانی ریفراندۆم لە شاری كەركوك نارەزای زۆری لێكەوتەوە و هێرشي حكومەتی عێراقی چالاك تر كرد و شەرعیەتی پێدا، بەمەش پێشمەرگە پشتیوانی نێودەولەتی لە دەستدا[30] لە لایەن بەشي زۆری كادیرانی ی.ن.ك لە شاری كەركوكەوە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ڕەتكرایەوە، كە ریفراندۆم لە ٢٥ ئەیلولدا ئەنجام بدرێت، ئەمەش كێشەی لە نێوخۆی ریزەكانی ی.ن.ك دا زەقتر كردەوە و كاریگەری نەرێنی لە سەر روداوەكانی ١٦ ئۆكتۆبەردا هەبوو.

لە ٢٠١٧/١٠/١٦ لە رێگەی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی گەلی كوردستانەوە لاهوری شێخ جەنگی لێپرسراوی هێزەكانی دژە تیرۆر رایگەیاند كە ریفراندۆم بنەماي یاسای نەبووە، پارتی دیموكراتە كوردستان دەیویست یەكێتی لەم شارە بشكێنن و ئەم ریفراندۆمە سەرچاوە نەگبەتیەكان بووە و مەبەستی شكست پێهێنانی یەكێتی بووە[31]، بەڵام مسعود بارزانی دەڵێت: كاتێكی گونجاو بوو بۆ ڕیفراندۆم، سوپاي عێراق پێش ریفراندۆم نیازی هێرش كردنیان هەبووە، ریفراندۆم تەنها بیانوو بوو، ئەو هەڵەیەی كردمان ئەوە بوو كە دەبوایە زوتر ریفراندۆممان ئەنجام بدایە[32]. دیارە جەخت كردنەوە(إصرار) و گوێنەگرتنی مەسعود بارزانی هۆكاری سەرەكی لە دەستدانی روبەرێكی گەورەی زەوی بوو، چونكە حكومەتی عێراقي تەنها داوای ناوچەكانی پێش ٢٠١٤ دەكرد، بەڵام ئێستا خاكی زیاتری لە دەستداوە[33]، لە كاتێكدا بارزانی گریمانەی لە دەست دانی پشتیوانی ئەمریكای رەچاو نەكرد بوو، ئەوە رویدا و لە كاتی هێرشي سوپای عێراق بۆ

---

(١٢) سلاح زانا: پێویستە دیوە باشەكەی ریفراندۆم بنرخێندرێت، پێگەی ئەلیكترۆنی هەشتە تشريني دووەم ٢٠١٧بلاوكراوەتەوە، ئێمە لە [28]standard.kurd.net,.٢٠١٨/١١/١٨

[29] ناوەندی توێژینەوەی ستاندەر: ڕیفراندۆمی كوردستان بە پێي یاسای نێودەوڵەتی، ئایاری، ٢٠١٧، ل٢١.

[30] وتەی لاهوری شێخ جەنگی لە رێگەی تەلەفۆنەوە، تەلەفیزیۆنە ئاس[مانی گەلی كوردستان، ٢٠١٧/١٠/١٦، چاوپێكەوتن لە گەل عوسمان بانی مارانی (ناوی تەواوی عوسمان عبدالله قادرە لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی ئیلنجاغي دەشتی كۆیە لە دایك بووە و لە ساڵی ١٩٨٢ پێشمەرگەیە، ئێستا خانەنشینی پارلەمانی كوردستانە، كویە، ٢٠١٧/١١/٢٥، چاوپێكەوتن لە گەل مام سیامەند(سیامەند حەمە رەزا فەتاح لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی تیمارۆكی دەشتی كۆیە لە دایك بووە، لە ١٩٨١/٨/١٨ پەیوەندی بە ڕیزەكانی پێشمەرگەوە كردووە، ئێستاش فەرماندەی لیوای ١٢٦ هێزەكانی پێشمەرگەیە)، كویە، ٢٠١٧/١١/٢٥.

[31] تالیب مام فاروق(تالیب فاروق محەمەد عەلی لە ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی تولكی لە ناوچەی شێخ بزێنی ناحیەی شوان لە دایك بووە، لە ١٩٨٣/٩/١٣ پەیوەندی بە هێزەكانی پێشمەرگە لە تیپی ٢١ كەركوكەوە كردووە، ئێستا جێگری لیوای ١١٤ هێزەكانی پێشمەرگەیە)، گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.

[15]www.milet press.com/Detail.aspx.Jiamre=50102. 18/11/2017

[16] www.washgtonpost.com %2 famphtml%2fworld%2middle east %2firaqis-seize-military-base-oilkurdish forces near kerkok..25/11/2017 [33]

شاری کەرکوك، حکومەتی ئەمریکا بێلایەنی هەڵبژارد، ئەمەش دەستی سوپای عێراقی ئاوەڵا کرد بۆ ئەنجامدانی هێرشەکەی و دەسەلاتداریێتی کوردی لە گۆڕەپانەکەدا تەنها هێشتەوە و سەلماندنی دۆستی کورد تەنها چیایەکانن.

لەو بارەیەوە رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆران عومەری سەید عەلی دەڵێت پشکی زۆرینەی شکستەکان دەکەوێتە ئەستۆی مەسعود بارزانی[34]، هەروەها ڕەوەندی مەلا مەحمود، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکوکی یەکێتی، لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی هەواڵدا، دەڵێت " مەسعود لە 13ی ئەیلول ( چەند رۆژێك بەر لە ڕیفراندۆم ) سەردانی کەرکوکی کرد، لەو کۆبوونەوەیە کەدا هەموویان لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بوون، لەناویاندا هەریەك لە دکتۆر نەجمەدین و شێخ جەعفەرو ئاسۆ مامەندو سەلاح دەلۆو کۆمەڵێك کادری مەڵبەندو لق و کەمال کەرکوکی ئامادەبوون". ڕەوەندی مەلا مەحمود، لە بارەی ناوەرۆکی کۆبوونەوەکە، ئەوە دەخاتەروو، ئاسۆ مامەند زۆر بە جددی باسی کەرکوکی کرد، هەموو ئەو مەترسیانەی خستە روو کە دوای ڕیفراندۆم ئەگەری روودانیان هەیە، ئاماژەی بەوەشکرد، ئەنجامدانی ئەم ریفراندۆمە زەرەری گەورەی تێدا دەکەن. بەپێی وتەی ناوبراو، لە دوای قسەکانی ئاسۆ ئەڵمانی، سەلاح دەلۆ، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لە کەرکوك -گەرمیان، پشتگیری قسەکانی ئاسۆ مامەندی کرد، بەڵام وتی "ریفراندۆم ئەو مەترسیانەی نابێت". ڕەوەند، ئاشکراشیکردووە، بەر لە کۆبوونەوەکەیان لەگەڵ بارزانی، لەمەڵبەندی کەرکوك کۆبوونەوەیەك کرابوو، کۆنوسی کۆبوونەوەکەش درابوو ئەو بۆ ئەوەی لەکۆبوونەوەکەیان لەگەڵ بارزانی بیخوێنێتەوە، دواجار هەموو ئەو خاڵانەم خوێندەوەو کە لە کۆنوسەکەدا هاتبوو، لەکۆتایدا بە مەسعود بارزانی وتووە " ئێمە تکات لێدەکەین، کەرکوك بەرگەی ئەو بارودۆخە ناگرێ، ئەو برادەرانەی کە زانیاری دەدەن بە تۆ، ڕاستگۆ نین". هەرچەند بەشێك لەبرادەرانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، زۆریان پێناخۆش بوو، کە ئەو قسەیەم کرد. ئەو بەرپرسەی یەکێتی، ئەوەشی خستەڕوو، مەسعود بارزانی لە کۆبوونەوەکەدا بە ئاشکرا بە ئەوانی وت " ئەگەر ئەم ڕیفراندۆمە سەرکەوتوو نەبوو، بەڵێن بێ ئەم وڵاتە بەجێدەهێڵم و دەچم لەجەزیرەیەکدا دەژیم.

هەر لەو بوارەدا دێنیس ناتالی لە بابەتێکدا روونکردیتەوە[35]، کە کاروان ئەحمەد گوتویەتی: هەڵەی یەکەمی حکومەتی هەرێم ئەوە بوو بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەبری ئەوەی پشتگیری عێراقییەکان بۆ دروستکردنی دەوڵەت بەدەست بهێنێت، بەشێوەیەکی بەرنامەرێژی کاری پێشینەی بەدەستهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ پرۆژەکەی کرد. سەرەرای نەهامەتیەکان سەرکردایەتی هەرێم دیارە وانەویەند لە هەڵەی ڕیفراندۆم وەرناگرن، لەبری ئەوەی دان بە شکستی ستراتیجییاندا بنێن، بارزانی و سەرکردەکانی دیکەی کورد خۆیان بێبەری دەکەن لە بەرپرسیارێتی کاریگەری و کێشەکانی ڕیفراندۆم. ئەم گرووپە لەبری ئەوەی سوربن سەر چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆ و چاکسازی بکەن، پێدەچێت بەردەوام بن لە یاریکردن بەم کارتە سوتاوە و لۆمەی یەکتری دەکەن بۆ شکستەکانیان و باس لە هەڕەشە دەرەکییەکانی وەک ئێران و میلیشیاکانی دەکەن.

بۆیە دروستە بڵێین ریفراندۆم ململانێ و کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی توندتر کرد و سەرجەم برینە کۆن و نوێیەکانی کولاندەوە، باردۆخێکی ناجۆری بۆ کوردستان بە گشتی و دەڤەری کەرکوك بە تایبەتی دروستکرد، بۆیە ئەنجامدانی ریفراندۆم فاکتەری بەهێز بوو بۆ رووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەر، چونکە ریفراندۆم بریارێکی تاکلایەنە بوو ئامادە سازی نێوخۆی و نێو دەوڵەتی و هەرێمایەتی بۆ نەکرا بوو، لە بەر ئەوە دەولەتانی هەرێمایەتی زۆر بە خێرای دژي وەستانەوە و هەنگاوی کرداریان بۆ شکس پێهێنانی نا[36] لەو بارەیەوە هیوا رەش دەڵێت "ئێمە لە بەرەکانی پێشەوە ئاگاداری ئەو مەترسیانە بووین کە هەنگاو بە هەنگاو لێمان نزیکتر دەبێتەوە و ئەو پێشهاتانەمان بۆ مسعود بارزانی باس کرد بوو، بەلام پێیان وتین کە قۆناغي سەعد ئاباد تێپەریوەو کێشە و کاری

---

(17) www. nrttv com./details.aspx jimare 89168, 18/11/2018

(17) http://www.hawpshti.com/ku/?p=14681

(36)(19) www.washgtonpost.com %2 famphtml%2fworld%2middle east %2firaqis-seize-military-base-oilkurdish forces near kerkok..25/11/2017

سـەربازي رونـادات، ئـێمە ئاگـادارى كۆبـونەوە سـەربازیەكانى ئێـران و توركیـا بـووین، هێزەكـانى هاوپەیمانـان بە سـەركردایەتى ئەمریكـا تێبینیـان لە سـەر ئەنجامـدانى كـاتى ریفرادنـدۆم هەبـوو"[37] ، هیـوا رەش لە درێـژەى قسـەكانیدا دەڵێـت: ئەمریكیەكـان ئامۆژگـارى ئێمەیـان دەكـرد بەرەنگـارى هێزەكـانى عێـراق نەبینـوە و كێشـەكانمان بە گفتوگـۆ چارەسـەر بكەیـن، چـونكە ئەوان نـاتوانن بە هـیچ شـێوەیەك هاوكـارى سـەربازى پێشـكەش بە ئـێمە بـكەن[38]، وەسـتا رەسـول دەڵێـت ئـێمە ئاگـاداى مەترسـیەكان بـووین و نەماندەویسـت ریفرانـدۆم ئەنجـام بـدرێت ئەگەر ئەنجـامیش بـدرێت پێویسـتە لە نـاوچە دابرێنـدراوەكان ئەنجـام نەدرێـت، تەنـانەت شـەوى پـێش ریفرانـدۆم ویسـتمان بەیاننـامە دەربكەیـن، نـاڕەزاى و نەیـارى كـادیرانى یەكێتـى لە شـارى كەركـوك بلآوبكەیـنەوە، كە هـاتنە پێشـەوەى هەرەشـەكانى هێـزە عێراقیەكـان جـدین و هەمـوو لایەكى لێ ئاگادار بكەینەوە، بەلام گوێیان لێنەگرتین و بۆچونەكانمانیان بە هەند هەڵنەگرت[39].

فەرمانـدەیەك دەڵێـت" ئـێمە دەمـانزانى نـاتوانین زیـاتر لە دوو رۆژ بەرگـرى لە شـارى كەركـوك بكەیـن چـونكە هێـزى سـەربازى عێـراق خـاوەنى چەكـى نـوێى گـولە نەبـڕ بـوون لە نێـو ئالیـاتى درعـدان و گـولە نەبـرن، ئـێمە هیچمـان لە گەڵیـان پێنەدەكرا[40]. چونكە هاوسەنگى لە هێزەكاندا نەبوو، بە تایبەت لە ڕووى چەندایەتیەوە.

تالیـب مـام فـاروق دەڵێـت" لە رۆژى ٢٤ ئەیلولـدا قاسـمى سـولیمانى فەرمانـدەى هێزەكـانى سـوپاى قودسـي ئێـران لە مەكتەبـى سیاسـي ي.ن.ك لە شـارى كەركـوك راگەیانـد ئەگەر ریفرانـدۆم بـكەن شـارى كەركوكتـان لـێ وەردەگـرینەوە، ئەگەر ریفراندۆم ئەنجام نەدەن تەنها لە سەر نەوتەكە رێكەون، كەركوك بە دەستى خۆتانەوە دەبێت"[41].

## دووەم: كێڵگە نەوتیەكانى هاڤانە و باى حەسەن

وەكـو ئاشـكرایە شـارى كەركـوك خـاوەنى داهـاتێكى زۆرى سـەرچاوەى نەوتە، كە بەیەكێـك لە سـەرچاوە بنڕەتیەكـانى ئـابورى عێـراق دادەنرێـت، لە دواى هـاتنى داعـش بـۆ دەڤەرەكە و پەیـدا بـوونى هەرەشـەى جـدى لە سـەر شـارى كەركـوك و پاشەكشـەى هێـزە عێراقیەكـان، هێزەكـانى پێشـمەرگە شـوێنیان گـرتنەوەو پارێزگاریـان لەم شـارە كـرد و لە پێشـرەویە خێـرا و كاریگەرەكـانى داعشـیان پاراسـت، ئەمەش بـارودۆخێكى دروسـت كـرد پەیوەنـدەكانى شـارى كەركـوك بە حكـومەتى عێـراقەوە كێشـەى زۆرى بـۆ دروسـت بـوو، بە تـایبەت دواى ئەوەى شـارى تكریـت و ناوچەكـانى چیـاى حەمـرین كەوتـنە ژێـر كـۆنترۆڵى هێزەكـانى داعـش، پـاش مـاوەیەك هێزەكـانى حكـومەتى هەرێـم و وەزارەتـى سـامانە سروشـتیەكان دەسـتیان بە سـەركێڵگە نەوتیەكـانى هاڤـانە و بـاى حەسـەندا گـرت، لە كاتێكـدا گفتوگـۆى حكـومەتى هەرێـم لە گەڵ بەغـدادا هەبـوو، وەزیـرە كوردەكـان لە شـارى بەغـداد بـوون بەلام وەزارەتـى سـامانە سروشـتیەكان بە هێـزەوە دەچـنە سـەر كـێڵگە نەوتیەكـان[42]، ئەمەش نیگەرانـى زۆرى بە دواى خۆیـدا هێنـا. لێـرەوە بـارودۆخەكە پەیوەنـدیە نێوخۆیەكانیشـي بە ئاراسـتەیەكى تـردا بـرد و دەنگـۆى نەوتـى دزرا و بە ناشـرعى بـردن پەیـدا بـوو، هەروەكـو لە رۆژى ١٦ ئۆكتـۆبەردا ئەم دەنـگە بە ئاشـكرا و لە كەنالەكـانى راگەیانـدنەوە قسـەى لە سـەر دەكـرا و گـوایە لە قـازانجى یەك لایەنـدا ئەم نەوتە سـودى لێـوەردەگیرێ[43]. نەوتـى كەركـوك بە گشـتي و نەوتـى كێڵگەكـانى بـاى حەسـەن و هاڤـانە بە تـایبەتى بە فـاكتەرێكى گرنـگ و ناراستەخۆى روداوى ١٦ ئۆكتۆبەر ئەژمار دەكرێت.

---

[37] چاوپێكەوتن، ناحیەى تەق تەق، ٢٠١٧/١١/٦.

[38] هـ.س.پ.

[39] چاوپێكەوتن لە گەڵ وەستا رەسول، گوندى مەرزیخە، ناحیەى شوان، ٢٠١٧/١١/٧

[40] چاوپێكەوتن لە گەڵ مام سیامەند، كۆیە، ٢٠١٧/١١/٢٥.

[41] تالیب مام فاروق، گوندى ئیلنجاغ، ناحیەى شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.

[42] چاوپێكەوتن لە گەڵ وەستا رەسول، گوندى مەرزیخە، ناحیەى شوان، ٢٠١٧/١١/٧.

[43] لاهورى شێخ جەنگى: تەلەفیزیونى ئاسمانى گەلى كردستان، ٢٠١٧/١٠/١٦، ئالا تالەبانى، تەلەفیزیۆنى ئاسمانى گەلى كوردستان،٢٠١٧/١٠/١٦.

فەرماندەیەك دەڵێت: ئابوری شاری کەرکوك لە لایەن یەکێتیەوە کۆنترۆڵ کرا بوو بە مەبەستی بەرژەوەندی کادیران و دۆست و لایەنگرانی خۆییان سودیان لێوەردەگرت و خەڵکیان پێرازی دەکرد[44]، لە هەمان کاتیشدا یەکێتی، تۆمەتەکانی ئاراستەی پارتی دەکرد و بە سەرچاوەی کێشە دەزانی. لە بەرامبەریشدا یەکێتی تۆمەتی بردنی نەوتی بە ناشەرعی دەدایە پاڵ پارتی دیموکراتی کوردستان تەنانەت لە فرۆشتنی نەوتی کەرکوك لە لایەن وەزارەتی نەوتی هەرێمەوە نارازی بوو، نامەی نارەزای ئاراستەی حەیدەر عەبادیش کرد، بەڵام کاریگەری نەبوو.

## سێیەم: ماددەی ١٤٠ی دەستوری عێراقی

بە پێی ئەم ماددە دەستوریە ناوچەکانی کەرکوك ناوچەی کێشە لە سەربوون، کە لە رێگەی ئەم ماددە دەستوریەوە پێویستە قۆناغ بە قۆناغ چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکانی ئەم شارە بکرێت، بە مەرجێك کۆتا قۆناغی چارەسەرکردنی کێشەکان لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ تێپەر نەکات، بەڵام حکومەتی عێراقی لە ئاست جێبەجێکردنی ئەم ماددەیەدا کەمتەرخەمی کردووە و هەمیشە خۆی لەم ماددە دەستوریە دزیوەتەوە، لە کاتێکدا مێژوو و جوگرافیا و ئامارە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان و گەشتنامەکان و نەخشە جیاوازەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەم شارە دەکەوێتە نێو خاکی کوردستانەوە[45]، ئەمەش بە یەکێکی تر لەو کێشانە دادەنرێت کە بارودۆخی شاری کەرکوکی گەیاندە ١٦ ئۆکتۆبەر، چونکە ئەم شارە چەق ململانێکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراقە.

## چوارەم: قەزای حەویجە

مانەوەو رزگار نەکردنی قەزای حەویجە بۆ دوای رزگارکردنی موسڵ بە یەکێك لەو هۆکارە ناراستەوخۆیانە ئەژمار دەکردێت کە رێگە دەدات بە گەرانەوە و کۆکردنەوەی هێزەکانی عێراقی لە دەروبەری شاری کەرکوك، بە بیانوی رزگارکردنی قەزای حەویجە، ئەمە لە حالەتێکدا ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرکردایەتی کوردستان رێگەیان بە هێزە هەمە جۆرەکانی سوپای عێراقیدا لە شاری کەرکوکەوە بە ئاراستەی قەزای حەویجە هێزەکانیان پێشرەوی بکەن، وەکو ئەو سەردانانەی کە لە پێش رزگارکردنی شاری موسڵ بۆ کەرکوك ئەنجام درا، چەندین جار سەرکردە سەربازیەکانی هێزەکانی عێراقی سەردانی بەرەکانی پێشەوەی هێزەکانی پێشمەرگەیان کرد بە مەبەستی ئامادە سازی بۆ رزگارکردنی قەزای حەویجە[46]، بۆ ئەو مەبەستە هێزەکانی پێشمەرگە هاوکاریان پێشکەش کردن و زەمینەی لە باریشیان بۆ ئەو ئامانجە رەخساند بوو، لە سەردانێکی حەیدەر عەبادیدا تەنانەت سەعات سفریش بۆ ئەو مەبەستە دانراو دکتۆرعەبادی وتی لێرەوە وا دانێن دەستمان بە ئۆپراسیون کردووە[47]، یاسین دەربەندی دەڵێت: هێزەکانی عێراقی دەیانویت بە پاساوی رزگارکردنەوەی قەزای حەویجە بە هێزەوە بگەرێنەوە شاري کەرکوك و تەنانەت دەیانویست لە پێشتەوەی هێزەکانی ئێمە بارەگاکانی خۆیان جێگیر بکەن، ناتوانین بلێین ئەوە نیازپاکی پیشان دەدات[48].ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر هێزەکانی پێشمەرگە هەمە ئاهەنگیان لە گەڵدا بکەن و وەکو دوو هێزی عێراقی مامەلە بکەن، لە حالەتێکی تردا ئەگەر هێزەکانی پێشمەرگەو سەرکردایەتی سیاسي رێگە بە گەرانەوەی ئەو هێزە بۆ شاری کەرکوك نەدەن، هەڵوێستی عێراق بۆ هێرشی سەربازی دەگۆرێت و هەوڵدەدات بە هێز بگەرێتەوە نێو شاری کەرکوك هەروەکو لە ١٦ ئۆکتۆبەردا ئەنجامی دا، بەشێك لە سەرکردە سەربازیەکان لایان وابوو، کە شاری کەرکوك بە هۆی بارودۆخێکی تایبەتەوە دەستی

---

[44] چاوپێکەوتن لە گەڵ حەمە رێگر، میحوەری پێنجی رۆژئاوا، ناحیەی پردێ-ئالتون کۆپري، ٢٠١٧/١١/١٠.

[45] بروانە مەسعود عەبدولخالق: ناسنانەی کەرکوك و ناوچە دابێراوەکان بە پێي بەڵگە نامە نێودەوڵەتیەکان، پێداچونەوەی زیرەك ئەحمەد رەحمان، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٧-٢٨.

[46] [ياسین دەربەندی، گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.

[47] چاوپێکەوتن لە گەڵ هیوا رەش، ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٧/١١/٦.

[48] هـ.س.

بە سەردا گیرا بوو[49] نەمانتوانیووە حکومرانێکی مۆدێرنی پێشکەوتوو ئەنجام بدەین کە جێگەی ڕەزامەندی هەموو نەتەوەکانی ئەو شارە بێت، مام جەلال هەمیشە دەیوت کێشەی کەرکوك وەکو نەشتەرگەری مێشك وایە پێویستە ژیرانە مامەڵەی لە گەڵدا بکەین بەلام لە کەرکوکدا کێشەی بچوك گەورە دەکرا، لە هەموو حالەتێکدا حکومەتی عێراقی دوای تێپەڕاندنی ئەو بارودۆخەی بەهۆی هاتنە پێشەوەی داعشەوە دروست بوو، دەگەڕێتەوە شوێنەکانی، لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ هادی عامری فەرماندەی بالای هێزەکانی عێراق(حەشدی شەعبی) سەردانی شاری کەرکوك دەکات، لەو سەردانەدا باس لەوە دەکات، کە پێویستە هێزەکانی پێشمەرگە بۆ هێلی ٣٦ بگەڕێنەوە[50]، کە هێزەکانی عێراقی بۆ هەر شوێنێك مەبەستیان بێت بتوانن برۆن و نابێت کەسێك هەبێت ڕێگەیان پێبگرێت[51].

## پێنجەم: نابەرامبەری هێز

دەیان هەمەرو تانك بە ئاراستەی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە خرابوونە ئامادە باشیەوە، لە بەرامبەردا هێزەکانی پێشمەرگە ئەو ئالیات و تەقەمەنیانەیان لە بەردەستیان کەم بوو، بۆ نمونە لە دووسەنگەری سکەی قیتارەکە و نەهرەواندا سێ بیکەیسی و دوو ئابیجي و یەك دۆشکەی دوانزدە و نیو تۆپێکی ١٠٦ هەبوو، لە بەرامبەردا حکومەتی عێراقی دەیان هەمەرکە زۆرینەیان چەندین جۆرە چەکێکی بە سەرەوە بوو، چەند تانك وتۆپ و باجەر ئاراستە کرابوو، کە لە لایەن هێزەکانی فیرقەی نۆی دەبابات و فریاکەوتنی خێراو پۆلیسي ئیتحادی و هێزەکانی حەشدی شەعبی و فیرقەی زێڕین بوونیان هەبوو کە بەراورد بە ژمارەی ڕاستەقینەی پێشمەرگە چەند جار زیاتر بوون[52].

---

[49] چاوپێکەوتن لە گەڵ هیوا ڕەش، ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٧/١١/٦.

[50] بۆ ئاگاداری خوێنەران ئێمە دوو جار پەیوەندیمان بە دکتۆر کەمال کەرکوکی بەپرسی میحوەری پێنجی ڕۆژئاوای کەرکوکەوە کرد بەلام ئامادە نەبوو پێوازیمان لێ بکات.

[51] فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە میحورەی ڕۆژئاوا نەیوست ناوی تۆمار بکرێت، ناحیەی پردێ-التون کوبری، ٢٠١٧/١٠،١١.

[52] تاریق کانی ڕەشی: گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.

# تەوەرەی سێیەم

## رووداوەکانی ڕۆژانی ١٤ و ١٥ ئۆکتۆبەر

# روداوەكانی ڕۆژانی ١٤ و ١٥ ئۆكتۆبەر

لە رۆژی ١٤ ئۆكتۆبەرەوە جولەی هێزە عێراقیەكان دەستی پێكرد، ژمارەیەكی زۆری سوپای عێراقی پێشرەوییان دەست پێكرد، بە سود وەرگرتن لە رێگای بەشیر-تازە، چونكە لە سەرەتای دروست بوونی حەشدی شەعبیەوە هێزێكی توركمانی سەر بە حشدی شەعبی لە نێو شاری كركوك دروست كرا بوون، لە دوای ئازاد كردنی گوندی بەشیر، لەو گوندە جێگیر كرا بوون، هێزەكانی سوپای عێراق لەو رێگەیەوە دزەیان كرد و بەرەو ناحیەی تازە پێشڕەوییان كرد [53].

تا دەهات هەرەشەی هێزە سەربازیەكانی عێراق زیاتر دەبوو، دوو جار كاتیان بۆ گفتۆگۆ درێژكردەوە جاری یەكەم ماوەی ٤٨ سەعات و جاری دووەم بۆ ماوەی ٢٤ سەعات [54]، بەلام هەنگاوەكانی چارەسەر و بە سستی بەرێوە دەچوو تەنانەت نیەتێكی جدی بۆ چارەسەری كێشەكان بە شێوەیەكی دروست نەبوو، چونكە سەركردایەتي كورد لاي وابوو كە حكومەتی عێراقی تەنها فشار دەكات بەلكو هێرش ئەنجام نادات [55]، بەلام لە رۆژی ١٥ ئۆكتۆبەر حكومەتی عێراقی لە رێگەی دوو كەسایەتی بە نەتەوە فارس بە ناوەكانی حاجی ئیقبال پور و كەسێكی تر بە ناوی ئەبو عمار لە سەعات ١١ پێش نیوەرۆ سەردانی میحوەری چواری كەركوكیان كرد و لە لایەن وەستا رەسول فەرماندەی میحوەرەكە و لیوا مەریوان فەرماندەی هێزەكانی پشتوانی دووەوە پێشوازی كران، بە وتەی وەستا رەسول دەلێت" پێیان وتین بە خۆشي یان بە ناوخۆشی ئەم شوێنانەمان دەوێت:

١.سەربازگە كۆنەكانی كەركوك.

٢.بیرە نەوتە داگیركراوەكان.

٣.جادە حەولیەكەی كەركوك تاكو گوندی كەلور نێوان ناحیەی پردێ و شاری كەركوك كە شەقامی سەرەكی كەركوك و شاری هەولێر كۆنترۆل دەكات [56].

دوای گفتوگۆی زۆر سەبارەت بە شێوازی پێشرەو هێزەكانی عێراق نەگەیشتینە دەرئەنجامێكی ئەرێنی، بۆیە وەفدەكە پێیان وتین ئێمە دەرۆین با دوو شت هەیە بۆتانی باس بكەین:

١.لەم ساتەوە وا دانێن كە هێرش دەست پێدەكەین.

٢.تەنها یەك بابەت هەیە كە هێرشەكەمان رابگرین ئەویش ئەوەیە چاوەروانی كۆبونەوەكەی دوكان دەكەین ئەگەر بریاریان دا لە ژێر چەتری دەستوردا كێشەكان لە گەل بەغداد یەكلا بكەنەوە ئەوا هێرش ئەنجام نادەین [57]، بەلام كاتێك كۆبونەوەكەی دوكات لە ١٥ ئۆكتۆبەر تەواو بوو، بەیاننامەی كۆتای كۆبونەوەكە پەیامی چارەسەری كێشەكانی لە ژێر سایەی دەستوردا پێنەبووە، بۆیە ئەم بەیاننامەیە نەیتوانی پێش بە روداوەكانی ١٦ ئۆكتۆبەر بگرێت.

لە هەمان رۆژدا مناوەراتی بەشێك لە سەركردایەتی یەكێتی نیشتمانی كوردستان بە سەرپەرشتی باڤێل تالەبانی كوڕی گەورەی مام جەلال تالەبانی هاتە پێشەوە، كە تێیدا پێشنیارێك بە ئیمزا و رەزامەندی ٣٨ ئەندامی سەركردایەتي یەكێتی پێشكەشي كۆبونەوەكەی دوكان لە ١٥ ئۆكتۆربەردا كرا بوو، گرینگترین خالەكانی ئەو پێشنیارانە بریتی بوون لە:

١.سەركردایەتیەكي هاوبەشی هاوپەیمانان و عێراقي و پێشمەرگە دروست بكرێت بۆ دەستەبەركردني ئاشتی و ئارامی شارەكە و بارەگای سەرەكی لە شاری كەیوان دەبێت.

٢.هیچ هێزێكی سەربازی نەهێندرێتە نێو شاری كەركوك.

---

[53] چاوپێكەوتن لە گەل وەستا رەسول، گوندی مەرزیخە، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١١/٧؛ چاوپێكەوتن لە گەل هیوا رەش، ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٧/١١/٦.

[54] تالیب مام فاروق: گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.

[55] چاوپێكەوتن لە گەل وەستا رەسول، گوندی مەرزیخە، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١١/٧

[56] بروانە پاشكۆی ژمارە (١).

[57] چاوپێكەوتن لە گەل وەستا رەسول، گوندی مەرزیخە، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١١/٧

٣. کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق لە ڕێگای دیالۆگ و دەستورەوە چارسەر بکرێن.

٤. نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا هاوکارو پشتیوان بن بۆ جێبەجێکردنی خالەکانی سەرەوە،[58].

لە هەمان ڕۆژدا هێزەکانی حکومەتی عێراقی جموجۆڵی زۆری دەست پێکرد و ئالیاتی سەربازی زۆری بەرەو پێشەوە هێنا[59] ، ئەمریکیەکان لە ڕێگەی کامێراکانیانەوە سوپای عێراقی پیشان داین و داوایان لێکردین کە شەری ئەو هێزە زەبەلاحەی پر ئالیاتە نەکەین هێزەکانمان بۆ کاتێکی تر ئامادە بکەین، پێیان وتین ئێمە ناتوانن هاوکاریتان بکەین[60]، لە کاتێکدا ئەم پێشنیارە لە لایەن هاوپەیمانان و حکومەتی عێراقیەوە جێگەی قبول کردن بوو، بەلام کۆبونەوەی دوکان ڕەتیکردەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە کەمال کەرکوکی لە نامەیەکدا کە بەرواری ٢٠١٧/١٠/١٥ی بە سەرەوەیە بە نهێنی بە پەلەی لە سەر نوسراوە، لەم نامەیەدا کە ئاراستەی مەسعود بارزانی کراوە ئاماژە بە چەند زانیاریەك دەكات و دەلێت" لە سەر فەرمانی جەنابتان لە ڕێگەی فازل بەرواریەوە راسپێردراوی پارتیمان لە ناو لەشکری عێراق تەنسیق تەواومان لە گەل حکومەتی بەغداد هەیە و جەنابتان دلنیا دەکەین کە لە میحوەری ئێمە بە هیچ جۆرێك تەقە ڕونادات بەرامبەر سوپای عێراق، وە نامەکە باسي لەوە کردووە کە هێزەکانی حەفتا سەر بە یەکێتی بە سەرکردایەتی شێخ جەعفەر هان بدەن لە میحوەری خۆیانەوە تەقە بکەن بۆ ئەوەی بەرنامەمان سەد لە سەد جێبەجێ بکرێت بە سەر پەرشتی جەنابتان[61]، بەلام کەمال کەرکوکی لە لە ڕێگەی سایتی گولانەوە ولامی ئەو نامەیەی داوەتەوە و بە نامەیەکی چەواشەکار ناوزەدی کردووە و دەلێت هیچ بنەمایەکی نیە[62].

ئێمە لە سەر راستی دروستی ئەم نامەیە وتیەکي جدیمان نیە بەلام ئەوەی لە سەر واقعدا رویدا لە بەرەی میحوەری پێنج کە د

کەمال کەرکوکی لێبرسراوی بوو بێ تەقە کردن کشاوەتەوە دواوە و شەرەکەی بۆ پردێ گواستەوە، تەنها چەند پێکدادانێك لە بەشي باشور و باشوری خۆرهەلاتی کەرکوکدا رویدا و شەهید و برینداری زۆری لێکەوتەوە کە نزیکەی چوار سەعات شەرو بەرگری کراوە[63].

---

[58] www.sbeiy.com/?=44497.٢٠١٧ ٢٢ تشرینی یەکەم بروانە پاشکۆی ژمارە(١)،

[59] تالیب مام فاروق: گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤، هـ.م.ف، فەرماندەي پێشمەرگە لە باشوری کەرکوك، قەرەناو ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٧؛ یاسین دەربەندی، گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.

[60] چاوپێکەوتن لە گەل وەستا ڕەسول، گوندی مەرزیخە، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١١/٧

[61] www.lvin press.com/n/dreja.aspx? /hawal. 18/11/2017

[62] www.Gulan media.com/19/11/2017

[63] تالیب مام فاروق: گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤، هـ.م.ف، فەرماندەي پێشمەرگە لە باشوری کەرکوك، قەرەناو ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٧؛ یاسین دەربەندی، گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.

# تەوەرەی چوارەم

## فشاری نێودەوڵەتی و عینادی سەرۆکایەتی هەرێم و هەڵوێستی پارتە سیاسیەکانی کوردستان

# فشاری نێودەوڵەتی و عینادی سەرۆکایەتی هەرێم و هەڵوێستی پارتە سیاسیەکانی کوردستان

## یەکەم: هەڵوێستی نێودەولەتی

سایدی شار پرێس لە رۆژی ٢٠١٧/١٠/١٤دا تەواوی نامەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکای بە زمانی کوردی بلاوکردۆتەوە، بەم شێوەیە باسی لێوە کردووە[64]:

رێکس تیلەرسن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دوو رۆژ پێش ڕیفراندۆم واتە ٢٠١٧/٩/٢٣، نامەیەکی ئاراستەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردووە و وەکو ئەلتەرناتیڤی ریفراندۆم چەندین بابەتی گرنگی خستۆتە ڕوو، لەوانەش دانانی بە ڕیفراندۆم ئەگەر بەغداد لە ماوەی ساڵێکدا رێکەوتنەکانی جێبەجێ نەکرد، رێکس تیلەرسن بەڵێن دەدات زۆرینەی کێشەکان بە ماددەی ١٤٠ی دەستور و دابەشکردنی دەسەلات و کێشەکانی پێشمەرگە و فرۆکەوانی مەدەنی لەو ماوەیەدا چارەسەر دەکرێن[65].

جگە لەو نامەیەی وەزیری دەروەی ئەمریکا چەندین هەوڵی تر خرانە گەڕ بۆ ئەوەی ریفراندۆم ئەنجام نەدرێت.

فێدریکا موگرینی کۆمسیاری باڵای سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی یەکێتی ئەوروپا لە بەیاننامەیەکدا رۆژی ٢٠١٧/٩/٢١ رایگەیاند، یەکێتی ئەوروپا داوا لە دەسەلاتدارانی کوردستانی عێراق دەکات رێوشوێنەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ جیابونەوە لە عێراق رابگرن.

کۆمسیاری باڵای سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی یەکێتی ئەوروپا دەڵێت: یەکێتی ئەوروپا دان بەوەدا دەنێت کە هەندێك پرس هەن کە لە نێوان دەسەلاتدارانی کورد و بەغدا چارەسەر نەکراون و پێویستە بەرێگەی ئاشتیانە چارەسەربکرێن، بەڵام سازدانی ریفراندۆم بێسودە.

کۆمسیاری باڵای سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی یەکێتی ئەوروپا پشتیوانی یەکێتییەکەی بۆ دەستپێشخەرییەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان نیشانداوە کە داوای دیالۆگ لە نێوان هەرێم و بەغدا دەکات

ئەمەش پەلی کێشا بۆ بریاردانی ئەنجومەنی ئاسایش وەکو لە سایتی ئەلعالەم لە رۆژی ٢٣ سێپتێمبەردا کە لە فرانس پرێنسي بلاوکراوەتەوە[66] باس لە هەڵوێستی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی سەبارەت بە ریفراندۆم دەکات و دەڵێت ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە ئامادە بوون و رەزامەندی هەر پانزەدە ئەندام نەیاری خۆی بۆ ئەنجامدانی تاکلایەنەی ڕیفراندۆم و ئاماژە دەکات بەوەی ریفراندۆم ئەگەر تێکچونی ئاسایشی ناوچەکەی لێدەکەوێتەوە و پشتگیری خۆی بۆ یەکپارچەی و سەروەری خاکە عێراق راگەیاند، بەلام سەرۆکایەتی هەرێم تێکرای ئەو هەولانەی رەتکردەوە و ئامادە نەبوو گوێبیستی پەیام و بەڵێنە نێودەولەتیەکان بێت.

لە هەمان گۆشە نیگاوە برێت ماکگۆرك نێردەی تایبەتی دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ جەنگی دژ بە داعش تێروانیەکانی حکومەتی ئەمریکا لە پرێس کۆنفرانسێکدا لە ١٤ سێپتێمبەر لە شاری هەولێر دەخاتە ڕوو پرسیاری رۆژنامەنوسان ولام دەداتەوە و سیاسەتی ئەمریکی دەربارەی ریفراندۆم ڕوندەکاتەوە کە بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکات لەو کاتەدا لە گەڵ ریفراندۆمدا نین[67]، برێت مەکگۆرک نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ جەژنگی دژی داعش لە درێژەی پرێس کۆنفرانسە رۆژنامەنووسیەکەیدا ڕایگەیاند، ئەو بەدیلەیان خستووەتە بەردەستی بارزانی کە بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم داوای دەکرد و لە ئێستادا چاوەڕوانی وەڵامی بارزانین بۆ ئەو بەدیلەی پێشکەشیان کردووە.

وتیشی کە ناوەڕۆکی بەدیلەکە ناخاتەڕوو و ئەوان لە ئێستادا دەیانەوێت لایەنەکان گرنگی بە جەنگی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش بدەن کە تا ئێستا لە حەویجەدا ماون و نایانەوێت نەهامەتی و ئاژاوە لە ناوچەکەدا دروست بێت.

---

(64) www.sharpress.net/all-detail.aspx?jimare97667,7/11/2017.

(65) دەقی نامەکە بە هەردوو زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی لە پاشکۆدا بخوێنەرەوە.

(66) www.alalam.ir/new/2018059.7/12/2017

(67) بۆ زانیاری زیاتر بروانە پشکۆی ژمارە (٥).

نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ جەنگی دژی داعش ئەوەشی وتووە کە ئەوان هانی سەرکردەکانی کورد دەدەن بە جدیی ئەو بەدیلەی خراوەتەڕوو وەربیگرن و چاوەڕێن بەدیلەکەیان گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، لە بەدیلەکەیاندا جەخت لەسەر بەردەوامی گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکەنەوە.

جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە کە هیچ هێزێکی نێو دەوڵەتی نییە پشتیوانی ڕیفراندۆم بکات و هیچ هێزێک لە ئەندامانی هاوپەیمانێتی جەنگی دژی داعش پشتیوانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ناکات. داواشیکرد، سەرکردەکانی کورد بە زووی وەڵامی بەدیلەکەیان بدەنەوە، چونکە ئەوان نایانەوێت بەهۆی ڕیفراندۆمەوە کێشە لە ناوچەکەدا دروست بێت. ئەوەش لەکاتێدایە سەرۆکایەتی هەرێم ڕایگەیاند، لە کۆبوونەوەی بارزانی و نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا بەدیلی ڕیفراندۆم خراوەتەڕوو.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا سەرۆکایەتی هەرێم ئاشکرایکردووە "بارزانی وتوویەتی ئەو بابەتە لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کورد باس دەکات و لە ماوەیەکی نزیکدا هەڵوێستی لە بارەوە ڕادەگەیەنن[68].

لە کاتێکدا ماکگۆرگ ئەم بۆچوونانەی لە شاری دهۆك ڕاستەوخۆ گەیاندبووە مسعود بارزانی بەلام وتەکانی ماکگۆرگ جێگەی گرنگی پێدانی بارزانی نەبوون[69].

## دووەم: هەڵوێستی وڵاتانی ئیقلیمی

دەوڵەتی سعودیە کە ماوەیەك بوو لە حکومەتی هەرێم و بارزانی خۆی نزیك دەخستەوە، بەلام نیگەرانی خۆی لە ئەنجامدانی ریفراندۆم نەشاردەوە[70] و لەوبارەیەوە ئاژانسی هەواڵی سعودیە لە زاری بەرپرسێکی عەرەبستانی سعودی بلاویکرەوە "بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجەی ئێستا ناوچەکە پێیدا تێپەڕدەبێتو ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی ناوچەکە بوونەتەوەو لە پەرۆشی بۆ خۆلادان لە قەیرانی نوێ کە ڕەنگە لێکەوتەی نەرێنی سیاسیو ئەمنیو مرۆیی لێبکەوێتەوە کە هەوڵەکانی هێنانەدی سەقامگیریو ئارامی ناوچەکە پەرش و بلاوبکات بە بنبڕکردنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و چالاکییە هاوپەیوەندەکانیشیانەوە، هەروەها بۆ گونجان لەگەڵ هەڵوێستە هەرێمی نێودەوڵەتییەکان لەوبارەیەوە ئەوا عەرەبستانی چاوی لە حیکمەت و شارەزایی مەسعود بارزانییە بۆ ئەنجامنەدانی ریفراندۆمی تایبەت بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عیراق.

بەگوێرەی ئاژانسە سعودیەکە بەرپرسەکە هۆکاری ئەو هەڵوێستەی وڵاتەکەی بۆئەوە گێڕاوەتەوە کە عیراق و ناوچەکە لە مەترسی زیاتر بەدووربگیرێت کە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم دەکەونەوە[71].

جگە لە هەوڵە نێودەولەتیەکان حکومەتە هەرێمیەکانیش هەمە ئاهەنگی تەواویان دەکرد بۆ وەستاندنی پرۆسەی ریفراندۆم و وەزیرانی دەرەوەی عێراق و ئێران و تورکیا کە لە نیۆیۆرك کۆبونەوەو ، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بلاوکردەوە تێیدا ڕیفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستانیان ڕەتکردۆتەوە و ڕایانگەیاندوە، ئەو پرۆژەیە هەموو ئەو دەسکەوتانە ڕووبەڕوی مەترسی دەکاتەوە کە عێراق لە شەڕی دژی تیرۆردا بە دەستی هێناوە.

وەزیرانی دەرەوەی عێراق و ئێران و تورکیا باسیان لەوەشکردوە، ئەنجامدانی ڕیفراندۆم مەترسیدارە و لەبەرژەوەندی کوردنیە و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی نوێ لە ناوچەکە دا کە ناتوانرێت بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت، هاوکات هەرسێ وڵات داوایان لە بەرپرسانی هەرێمی کردوە لەو بڕیارە پاشگەزببنەوە، لە ڕێگەی گفتوگۆوە کێشەکانیان لەگەڵ

---

[68] http://www.nrttv.com/details.aspx?jimare=82981 ٢٠١٧/١٢/١٦ .

[69] لەو سەروبەندا باس لەوە دەکرا کە ماکگۆرگ چاوەڕوانی کردووە لە شاری هەولێر مسعود بارزانی ببینێت، بەلآم مسعود بارزانی نەگەڕاوەتەوە و خۆی بە کارەکانی ریفراندۆمەوە سەرقاڵ کردووە بۆیە ماکگۆرگ ناچار دەبێت سەردانی شاری دهۆك بکات لە دهۆکیشدا مسعود بارزانی سەردانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەکات، ئەمەش وەکو هەلاتن لە بینینی ماکگۆرگ لێکدەدرێتەوە، دواتر دوای ماوەیەك چاوەڕوانی ماکگۆرك سەردانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەکات، ڕەنگە ئەمەش وەك بایەخ پێنەدانی بارزانی بە نوێنەری ترامپ ئەژمار دەکرێت.

[70] لە کاتێکدا هەندێك لە شرۆڤە سیاسیەکان پرۆژەی ریفراندۆمییان بە پلانی دەوڵەتی سعودیە دادەنا گوایە سعودیە لە هەوڵی رزگارکردنی سونەکانە یان دروست کردنی هەرێمێکی بەهێز بۆ سوننەکانە لە دەڤەرەکەدا

[71] 8/12/2017 http://www.lvinpress.com/n/dreja.aspx?=hewal&jmare=59039&Jor=1

بەغداد چارەسەر بکەن[72]، سەرەڕای نیگەرانی و دژایەتی وڵاتانی هەرێمی بەلام کوردەکانی باکور و رۆژئاواو و ڕۆژهەلات پشتیوانییان لە پرۆسەی ریفراندۆم دەکرد.

## سێیەم: هەڵوێستی پارتە سیاسیەکانی کوردستان

ماکگۆرگ نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ جەنگی دژ بە داعش سەردانی زۆرینەی سەرکردەکانی کوردی کرد و بارەگای پارتەکانی بە سەرکردەوە و ڕاو تێبینی ئەمریکیەکانی لە سەر ریفراندۆم و کاتی ئەنجامدانی بە راشکاوانە پێڕاگەیاندن، بەشێك لەو پارت و لایەنانە بۆچونەکانی ماکگۆرگ کاریگەری لە سەر دروست کرد بوون و هەوڵیاندا کە ریفراندۆمەکە دوا بخەن وەکو بزوتنەوەی گۆران و کۆمەڵی ئیسلامی بەلآم سەرکەوتوو نەبوون، هەڵوێستی ئەم پارتانەش تەنها وابەستە بە دیدی ماکگۆرگەوە نەبووبێت چونکە پارتانە پشوتریش نیگەرانی خۆیان لە دیاری کردنی رۆژی ئەنجامدانی ریفرادۆم راگەیاند بوو، تەنانەت ئامادە نەبوون بەشداری لە ئەنجومەنی باڵآی ریفراندۆمدا بکەن، بە پاساوی ئەوەی:

١.ئەنجامدانی ریفراندۆم و دەستنیشانکردنی کاتی ریفراندۆم لە پارلەمانەوە دیاری نەکراوە بەڵکو لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پارتەکان ئەنجام دراوە.

٢.لە کوردستاندا هیچ ئامادە سازي و زەمینەیەکی ئابوری و سیاسي و کۆمەلایەتی بۆ ریفراندۆم و ئەنجامدانی سەربەخۆی نەڕەخسێندراوە، هەرێمی کوردستان بە زنجیرەیەك لە قەیرانی ئابوریدا تێپەڕ دەبێت و چەند ساڵێکە چارەك و نیوە موچە بە فەرمانبەران دەدرێت و پارتەکان دڕدۆنگ لە یەکتری دەکەن و کۆبونەوەکان هەمیشە بێدەستکەوت تەواو دەبن.

٣.چ لە ئاستی هەرێمایەتی و چ لە ئاستی نێودەولەتی کاری جدی بۆ ئەنجام نەدراوە و تاکلایەنە ئەم بریارە دراوە، ئەمەش بارودۆخەکە نەك چارەسەر ناکات بەلکو بەرەو خراپتری دەبات. تەنانەت بزوتنەوەی گۆران ئاماژەی بەوە دەکرد کە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان نیە و راکردنە لە چارەسەردنی کێشە راستەقینەکانی هەرێم و خۆ دزینەوەیە لە دۆزینەوەی رێگە چارەیەك بۆیان. جگە لەو خالانە رنگە چەندین هۆکاری تریش هەبن کە کۆمەلانی خەلکی کردستانی نیگەران کرد بوو پێشوازییان لە ریفراندۆم نەدەکرد و هاتنە دی خەونی چەندین سالەیان ڕەتدەکردەوە[73].

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو بوارەدا ڕاڕای زۆری پێوە دیار بوو، بەشێکیان سەرسەختانە پشتگیریان لە ریفراندۆم دەکرد، وەکو کۆسرەت ڕەسول عەلی جێگری یەکەمی ی.ن.ك و جێگری سەرۆکی ئەوسای هەرێمی کوردستان و زۆرینەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، تەنانەت باس لەوە دەکرێت لە دانیشتنێکدا مسعود بارزانی وتویەتی هیچ کەسێکم لە گەڵدا نەبێت ریفراندۆمەکە ئەنجام دەدەم و تەواوی بەرپرسیارێتی ئەو پرسە دەگرمە ئەستۆ ئەگەر شکستی هێنا، بەلآم کۆسرەت رەسول عەلی ڕایگەیاند بە تەواوی توانامەوە پشتیوانیت دەکەم، بەشێکی تریان سەرقاڵی لەمپەر دروست کردن بوون بۆ دواخستنی ریفراندۆم وەکو لە بەیاننامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا هاتبوو کە پێویستە ریفراندۆم لە ناوچە کێشە لە سەرەکانیش ئەنجام بدرێت و پارلەمان کارا بکرێتەوە، بە ڕای ئێمە ئەمە جۆرە هەوڵێك بوو بۆ شکست پێهێنانی ئەنجادانی ریفراندۆمە بەلآم سەرکەوتوو نەبوون، چونکە لایان وابوو ئاستەمە پارلەمان چالاك بکرێتەوەو ریفراندۆمیش لە ناوچە کێشە لە سەرەکان ئەنجام بدرێت چونکە:

1. بەلانسي هێز لە بەرژەوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەگۆرێت و ئەوناوچانە پتر هەوادارانی یەکێتی تێدا نیشتەجێن.

---

[72] 8/12/2017 http://www.lvinpress.com/n/dreja.aspx?=hewal&jmare=59039&Jor=1

[73] بەلآم لە چرکە ساتی ئەنجامدانی ریفراندۆم هەردوو پارتی نەیاری ریفرانۆمیش پشتیوانییان لە بەڵێ بۆ ریفراندۆم کرد، ئەمەش ئەو بۆچونەمان لا گەلاڵە دەکات کە ئەم دوو پارتەش (کۆمەڵی ئیسلامی و بزوتنەوەی گۆران)، ڕەنگە لە ترسي شەقام و لایەنگرانی خۆیان لە سەرەتادا نەیاری خۆیان بۆ ئەنجام دانی ریفراندۆم نیشان دابێت.

2. پارتی دیموکراتی کوردستان بە جدی کار بۆ گەرانەوەی ئەو ناوچانە ناکات چونکە پارتی ئەوەندە خەمی نەوتەکەیەتی ئەوەندە لە بیری خەلکەکەیدا نیە. بەلآم ریفراندۆم لە ناوچە کێشە لە سەرەکان هاتە ئان و ساتی ئەنجامدان و پارلەمانیش پشتڕاستی ریفراندۆم کرد، ئیتر ناچار لە سۆنگەی هەست کردن بە مەترسیەکان بەشێك لە سەرکردایەتی و کادیرانی مەلبەندی کەرکوك کەوتنە هەوڵی ڕاگرتن و ئەنجام نەدانی ریفراندۆم لە شاری کەرکوك، هەوڵی جدییان لەو پێناوەدا خستە گەڕ بەلآم کۆسرەت رەسول عەلی ڕێگری لە دواخستنی ریفراندۆمەکە لەو شارە کرد، بۆیە ئەم هەولانە بێ ئاکام بوون و هیچ دەرئەنجامێکی لێنەکەوتەوە، کەشتی ریفراندۆم لە سەر ڕێرەوی خۆی بەردەوام بوو.

لە ١٥ سێپتێمبەردا نامەی بەیاننامە کۆشی سپي ئەمریکا پشتگیری ریفراندۆم ناکات و داواکارە بە گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکرێ[74].

فشارە عێراقی و نێودەولەتیەکان لە هەموو ئاستەکاندا بەردەوام بوو، هەرەشەکان تا دەهات جدیتر و ئاراستەکراو تر دەبوو، سەرەتای هەرەشەکان بە دەر دەکەوتن، تا دەهات سوپای عێراق لە کەرکوك نزیکتر دەبووەوە، تورکیا ئۆپراسیونی لە سەر سنور ئەنجام دەدا، کۆبونەوەی سەرکرادایەتی سەربازی ئێران و تورکیا ئەنجام دەدرا بەلام ئەنجومەنی بالای ریفراندۆم و سەرۆکایەتی هەرێم گوێییان بەو فشارانە نەدات و نالۆژیکانە لێکدانەوەییان بۆ ئەنجامەکانی دەرکرد و هێزە سیاسیەکانی تریش نەیاری و ترسی خۆیان شەرمنانە دەگەیاندە سەرۆکایەتی هەرێم، جگە لە بەرەی نەخێر لە ئێستا هیچ لایەنێکی تر بە دەنگی بەرز و بە ئاشکرا دژی ریفراندۆم نەبوون.

ناوەندی ستاندەر لە توێژینەوەیەکدا ڕەخنەی توند لە بڕیاری ڕیفراندۆم دەگرێت و چەندین ئامۆژگاری دەخاتە ڕوو، توێژینەوەکە لای وایە ڕیفراندۆمێك بۆ سەربەخۆی ئەنجام بدرێت زۆر جیاوازە لە گەڵ ریفراندۆمێك کە لە سەر بنەمایەکی پوچ و باتلە دارێژرا بێت[75]. ئەم بۆچونە لە لایەن بەشێك لە چین وتوێژەکانەوە پشتڕاست دەکرایەوە کە ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆی نەبووە.

---

[74] بروانە پشکۆی ژمارە(٥).

[75] ناوەندی توێژینەوەی ستاندەر: ڕیفراندۆمی کوردستان بە پێی یاسای نێودەوڵەتی، ئایاری، ٢٠١٧، ل١٤.

# تەوەری پێنجەم

## روداوەکانی شانزدەی ئۆکتۆبەر

# روداوەكانی شانزدەی ئۆكتۆبەر

ئەوەی لە شانزدەی ئۆكتۆبەردا رویدا لێكەوتەی كەلەكە بووی كێشە گەلی رابردوو بوو، كە بە چارەسەر نەكراوی هێلدرا بوونەوە، لە چركە ساتە هەستیارەكاندا تەقیەوە، زیانەكەشي تەنیا ئەو ناوچانە نین كە لە دەست چوون، بەلكو سەرەتای روداوگەلێكە نوێیە هێزەكانی پێشمەرگە لە بەرەكانی شەردا جۆراو جۆر بوون بەشێكیان بە ناوی هێزەكانی حەفتا كە بە روكەش سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە بوون، بەلام زۆرینەی بریارەكانیان لە لایەن یەكێتی نیشتمانی كوردستانەوە پێدەدرا، هێزەكانی هەشتاش بە روكەش سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە بوون، بە هەمان شێوە فەرمانیان لە لایەن پارتی دیموكراتی كوردستانەوە بۆ دەردەچوو، لیواكانی سەربەوەزارەتی پێشمەرگەش لە تێكەلەی پارتی و یەكێتی پێكهاتبوون، فەرماندەیەك دەلێت وەكو تیمی توپێن لە رۆژي ١٦ ئۆكتۆبەر بە یەك سافیرە لێك جیابوونەوە[76]، هێزەكانی زیرەڤانی و بەرگری و فریاكەوتن و كۆمەلێكی تر لە هێزە تایبەتیەكان لەم شارەدا بونیان هەبوو، فەرماندەیەكي پێشمەرگە لە میحوەری پێنج دەلێت: یەك سەعات پێش ئەوەی هێزەكانی پێشمەرگە لە میحوەري چواری باشوری كەركوك پاشەكشە بكەن، لە رێگەی دوو ئەفسەری هێزەكانی هەفتا پێیان راگەیاندین كە ئێمە شەر ناكەین وپاشەكشە دەكەین، تەلە فۆنم بۆ ئەفسەرێكی تر كرد وتی ئێمە لە مالەوەین، پێم وت بۆچی لە مالەوەن حكومەت وا هێرشمان دەكاتە سەر؟ لە ولامدا پێي وتم فەرمانمان پێكراوە بچینە مالەوە و شەر ناكرێت[77].

شەوی ١٦/١٥ ئۆكتۆبەر كاتی درێژكراوە هێرش تەواو بوو، هێزە زۆرو زەوەندەكانی حكومەتی عێراقی لە چەند قۆلێكەوە هێرشیان بۆ سەر سەنگەرەكانی هێزی پێشمەرگە دەست پێكرد، خالەكانی دەست پێك بریتی بوون لە:

چارتاغلو خوار پیشەسازی كەركوك (واتە مریم بەگ بەرەو تازە بەرەو پیسەسازی كەركوك و جادەی لەیلان وپردە هەلواسراوە[78]، نزیكەی ٣٠ هەمەر شەو بە دووربینی شەو(نازولەلیل) دزەیان كردبوو نزیك سەنگەرەكانی پێشمەرگە[79].

شەر لەو خالانە بە سەختي دەستی پێكرد و ماوە ی چوار كاتژمێر پێكدادان بەردەوام بوو، پاشان هێزەكانی پێشمەرگە بە ئاراستەی جیاواز پاشەكشەیان كرد[80]، بەشێك لەو هێزانە بە ئاراستە ناحیەی لەیلان و بەشێكي تریان بۆ شەقامی چوار دەوری كركوك كە بە حەولیەكە ناسراوە پاشكەشەیان كرد[81]، فەرماندە حەمە رێگر دەلێت وەستا رەسول فشاری خستۆتە سەر هێزەكانی پێشمەرگە بۆ ئەوەی لە كەركوك پاشەكشە بكەن[82]، بەلام فەرماندە مام سیامەند كە فەرماندەی لیوایە لە میحوەری پێنج دەلێت ئێمەش بە تەقە پاشەكشەمان كردووە[83]. ئەوەی شایەنی باس بێت ئەم هێزانەی كە شەریان كەوتە سەر و شەهید و برینداری زۆریاندا كە بە ٣٨ شەهید و ١٧٠ برینداریان دا، فەرماندەی فەوج عقید عزیزعەلی عزیزو جێگرەكەی مقدم هێرش حەمەشەریف و ٣٦ پێشمەرگەی لە بەرگریدا شەهید بوو، بەلام هیچ هێزێكی پشتیوانی فریای ئەم هێزە نەكەوت و هەمە ئاهەنگیان لە گەلدا نەكردن، لە كاتێكدا لە

---

[76] فەرماندەی هێزەكانی هەشتا كە نەیوست ناوی بلاو بكرێتەوە، میحوەری پێنجی رۆژئاوا، ناحیەی پردێ-ئالتون كۆپري، ٢٠١٧/١١/١٠.

[77] فەرماندەی هێزەكانی هەشتا كە نەیوست ناوی بلاو بكرێتەوە، میحوەری پێنجی رۆژئاوا، ناحیەی پردێ-ئالتون كۆپري، ٢٠١٧/١١/١٠.

[78] ئێمەلامان وابوو ئەمریكیەكان گلوپي سەوزیان بۆ سوپای عێراق هەلكردبوو هێزەكانی عێراقیش لە غروریەوە قسەیان لە گەل دەكردین زۆر حیسابیان بۆ داواكاریەكانمان نەدەكرد، لە سەر گوی زەوي پێشمەرگە هەموو پشتیوانیەكی لە دەستدا ئەمەش كاریگەری خراپي هەبوو، بۆیە بە بێ هیچ رێكەوتنێكی پێش وەختە هێزەكانمان پاشەكشەیان كرد(چاوپێكەوتن لە گەل هیوا رەش، ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٧/١١/٦).

[79] چاوپێكەوتن لە گەل وەستا رەسول، گوندی مەرزیخە، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١١/٧؛ چاوپێكەوتن لە گەل هیوا رەش، ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٧/١١/٦.

[80] www.washgtonpost.com %2 famphtml%2fworld%2middle east %2firaqis-seize-military-base-oilkurdish forces near kerkok..25/11/2017

[81] مەسعود بارزانی لە چاوپێكەوتنێدا كە سایدتی میلەت لە گۆڤاری نیوزیوك وەریگرتووە دەلێت" ئەوەی لە ناوچەكانی كەركوكدا رویدا بە مەبەستی گۆرینی دیموگرافیا بوو، كە هەمیشە ناتوانرێت ناسنامەی ئەو شارە بگۆرن و كشانەوەشمان بۆ ئەوە بووە خوێن نەرێژرێت، ئەو هێرشە لە ژێر فەرماندەی ئێرانیەكاندا بووە(.Melet press.com/Detail.aspx?/Jiamre=50102)18/10/2017).

[82] چاوپێكەوتن لە گەڵ حەمە رێگر، میحوەری پێنجی رۆژئاوا، ناحیەی پردێ-ئالتون كۆپري، ٢٠١٧/١١/١٠.

[83] چاوپێكەوتن لە گەل مام سیامەند، كۆیە، ٢٠١٧/١١/٢٥.

شەری دژ بە داعش لە کاتێکدا هێڵێکی بەرگری لاواز بوایە یاخود ئەگەری شکستی لە سەر خاڵێک بوایە چەندین جۆرە هێزی تر فریای ئەو خاڵە دەکەوتن و لە شکست دەیانپاراست؟!

ئەو خاڵانەی کە شەریان لە سەر بوو خاڵی گرنگ و کاریگەر بوون و بەشی زۆری سەنگەرەکانی پێشمەرگە پەراوێز دەکەوتن و رەنگە زیانی زۆریان بەرکەوتایە و رزگار بوونیان ئاستەم دەبوو، بۆیە کاتێک زانرا ئەم سەنگەرانە ناتوانن بەرگری بکەن، داوا لە تێکرای هێزەکانی میحوەری چوار کرا بە پەلە هێزەکانیان بۆ نێو شاری کەرکوک پاشەکشە پێبکەن[84]، بەلام هێزەکان نەهاتنە نێو شارەکە وە بەشێکیان بۆ کەلی سێکانیان شەقامی کەرکوک هەولێر و بەشەکەی تر بۆ شەقامی سەرەکی سلێمانی –کەرکوک پاشەکشەیان کرد[85].

پاشان داوا لە هێزەکانی پێشمەرگە کرا بگەرێنەوە بۆ شوێنەکانی بەر لە ٢٠٠٣، لە هێڵی کەرکوک- سلێمانی بۆ بانی مەقان و هێڵی کەرکوک-هەولێر بۆ ناحیی پردێ و هێڵی کەرکوک تەق تەق بۆ شیوەسور پاشەکشەیان کرد.

(84) شەوی ٢٠١٧/١٠/١٦/١٥ شێخ جەعفەر شێخ مستەفا و وەستا رەسول لێبرسراوی میحوەری چواری باشوری کەرکوک و هیوا رەش جیگری میحوەری چواری کەرکوک لە میحوەر بوون و بە ووردی چاودێری بارودۆخەکەیان دەکرد، شێخ جەعفەر راستەوخۆ فەرمانی لە سەرەوەی خۆی وەردەگرت (چاوپێکەوتن لە گەل وەستا رەسول، گوندی مەرزیخە، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١١/٧؛ چاوپێکەوتن لە گەل هیوا رەش، ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٧/١١/٦).

(85) چاوپێکەوتن لە گەل وەستا رەسول: گوندی مەرزیخە، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١١/٧؛ تالیب مام فاروق: گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤؛ هـ.م.ف، فەرماندەي پێشمەرگە لە باشوری کەرکوك، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٧؛ یاسین دەربەندی، گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.

# پاشەکشەی پێشمەرگە لە نێوان خیانەت و ئەمری واقیعدا

دوای ئەوەی دۆستانی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی داوایان لە (مسعود بارزانی) کرد ئەو ریفراندۆمە دوابخات، بەڵام عینادی کردنی وای کرد شکستێکی گەورەی وای کرد، پێگەی هەرێمی کوردستانی لە ئاستی نێودەوڵەتی هێناوە زیندانی عێراقی، ئینجا لەو مەترسیدارترلە نێوان چەند سەعاتێك نیوەی خاكی کوردستان دۆڕا، هەرلە کەرکوکەوە تا دەگاتە شەنگال لە کە لە مێژووی کوردستان شکستی وا نەبووە، لە کاتێکدا ئەو هەموو هێزوو چەکدارەی هەبێ ئینجا وای بشکێ، لە لایەن سەرکردایەتی (پ.د.ك) ئەو خیانەتە خرایە ئەستۆی (ی.ن.ك) هەندێ سەرکردەی گەورەی (ی.ن.ك) هەر هەمان رایان هەبوو لەوانە (کۆسرەت رەسوڵ و شێخ جەعفەر شێخ مستەفا) لە دوای لێدوانی لەو بارەیەوە شێخ جەعفەرلەگەڵ دەنگی ئەمریکا دەڵێ،"باڵێکی (ی.ن.ك) تا ئێستاش خەریکن هەولێر و سلێمانی و دهۆك رادەستی بەغدا دەکەن.

کەواتە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو ئاستەکان و بەشێك لە سەرکردەکانی ی.ن.ك لایان وایە، ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا روویدا جگە لە خیانەت هیچی تر نەبوو، کەچی لە شەوی 2017/١٠/١٦/١٥ فەرماندەکانی میحوەری پێنج سەردانی شێخ جەعفەرو وەستا رەسوڵمان کردووە، وەستا رەسول بە ئاشکرا وتویەتی کە شەڕمان پێناکرێت و پاشەکشە دەکەین، دکتۆر کەمال کەرکوکی پێیانی وتووە ئێمە شوێنەکانتان پر دەکەینەوە، بەڵام ئەوان قبولیان نەکرد، فەرماندە وەستا رەسول و فەرماندە هیوا رەش ئەمە رەتدەکەنەوە کە هیچ رێکەوتنێك هەبێت بەلکو شەریان کردووە و نەیانتوانیووە لەوە زیاتر بەرگری بکەن، بۆیە ناچار بە پاشەکشە کراون، شەریان نەخستۆتە نێو شارەکەوە بۆ ئەوەی کاولکاری و مالوێرانی بۆ شارەکە دروست نەکەن و دەشلێن لە رۆژئاوای شاری کەرکوك کە دکتۆر کەمال کەرکوکی خۆی لێپرسراو بووە و هیچ بەرگریەکی نەکردووە، جگە لە کەرکوك نەلە مەخموورو نەگوێرو نە شەنگال و زمارووو...بێ بەرەنگار بونەوە گۆرەپانی شەرەکەیان بۆ سوپای عێراق چۆڵ کردووە[86]. هەڵبەتە لە سەرەتای پەیدابوونی داعش و دەست پێکردنی شەڕلە نێوان داعش و هێزی پێشمەرگەدا، هێزەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە چەندین شوێن بەرەکانی شەڕیان چۆڵ کردووە و هەلاتوون، دیاترینیان چۆڵ کردن و بە دەستەوەدانی شەنگاڵ بە داعش بوو، کە جینۆسایدی یەزیدیەکانی لێکەوتەوە، بەڵام ناسنامەی خیانەت بە بەر هێزەکانی پارتیدا نەکرا، لە کاتێکدا چەندین هێندەی رِوداوی شازدەی ئۆکتۆبەر زیانی گیانی لێکەوتەوە و ژن و کچە یەزیدیەکانیش لە بازارەکانی شاری موسل هەڕاج دەکران و پیاوەکانیشیان دەکوژران. وەزارەتی پێشمەرگە لێژنەی لێکۆڵینەوەی بۆ ئەو مەبەستە دروست کرد، تاکو ئێستا هیچ دەرئەنجامێکی نەبووە.

فەرماندە لاهوری شێخ جەنگی دەڵێت هێزەکانی نزیك لە پارتی کە دەستیان بە سەر کێلگە نەوتیەکانی هاڤانە و بایحەسندا گرتبوو بێئەوەی یەك تەقە بکەن پاشەکشەیان کرد، لە درێژەی وتەکانیدا لاهور دەڵێت من فەرمانم بە هیچ هێزو کەسێك نەکردووە لە کەرکوك پاشەکشە بکەن[87].

پارتی دیموکراتی کوردستان باڵێك (بەشێك) لە نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە خیانەت تۆمەتبار دەکات و گوایە ئامادە نەبووە لە گەڵ سوپای عێراقیدا رێکەوتن بکات، بەلام لە رۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٧ لە تەلەفیزیۆنی ئاسمانی ئافاق عێراقەوە رێکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی عارف تەیفور ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و شاندی حەشدی شەعبی بە سەرۆکایەتی ئەبو ئیلای وەلائی ئەمینداری گشتی کەتیبەی سەید الشهداء بۆ وەستانی جەنگ بە درێژای ٢٠٠-٢٥٠ کم رێکەوتن، گوایە بە پێی ئەم رێکەوتنە کە لە تەلەفیزیۆنەکەوە

---

(86) چاوپێکەوتن لە گەڵ وەستا رەسول، گوندی مەرزیخە، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١١/٧؛ چاوپێکەوتن لە گەڵ هیوا رەش، ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٧/١١/٦.

(87) هەروەها فەرماندە لاهوری شێخ جەنگی دەلێت ماکگۆرگ پێی وتین دەستپێشخەری شەر دژي سوپای حکومەتی عێراقی مەکەن، تا چواری بەیانی لە گەڵ ماکگۆرك لە سەر هێل بووم(www.Facebook.com/kurani16013553777243 .gall/videos ، وتەی لاهوری شێخ جەنگی لە رێگەی تەلەفۆنەوە، تەلەفیزیۆنە ئاسمانی گەلی کوردستان، ٢٠١٧/١٠/١٦.

بڵاوکرایەوە پێویستە هێزی پێشمەرگە بۆ هێڵی سەوز بگەڕێنەوە و خاڵە سنوری و دەروازە بازرگانیەکان لە ماوەی پێنج ڕۆژدا بگەڕێندرێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق.

لە لایەکی ترەوە عوسمان بانی مارانی دەڵێت: بە هەموو شێوەیەك دەسەواژەی خیانەت رەتدەکەمەوە، یەکێتی چۆن بتوانێت خیانەت بکات لە کاتێکدا تێکرای دەسەڵاتەکانی کوردستان بە دەست پارتیەوەیە وەکو سەرۆکی هەرێم و حکومەت و وەزارەتە گرنگەکان، پارتی بە تەواوەتی کۆنترۆڵی بواری سەربازی و سیاسی و ئیداری هەرێمی کردووە و یەکێتی هیچی بە دەستەوە نەماوە کە بتوانێت کارێك بکات، لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت کۆسرەت نەدەبوو پشتگیری قسەکانی مسعودی بکرایە و هێرشی سەر هەڤالانی بکردایە، لە کاتێکدا ئێمە لە مەکتەب سیاسی یەکێتی لە شاری کەرکوك بووین و بەشی زۆری هەڤالان لەوێ بوون وەك کۆسرەت و رەفعەت و ئاسۆ و مەلا بەختیار و قوباد و دلێری سەید مەجید و شێخ جەعفەر و وەستا رەسول...شێخ جەعفەر و وەستا رەسول وتیان: ئێمە کاتێك دڵنیا بووین لەو جەنگە بەشکستی ئێمە تەواو دەبێت پاشەکشەمان کردووە، شێخ جەعفەر پاش ئەوەی قسەی لە گەڵ مسعود کردووە بریاری پاشەکشەی داوە، لەو کاتەدا ئەیوبی فەرماندەی لیواکانی کۆسرەت هات وتمان دەنگ و باس چیە ئەویش وتی ئەو شەرە بە ئێمە ناکرێت"[88]

هەروەها سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق فەریق ئەوەل روکن عوسمان غانمی لە ٢٠١٧/١٠/٢٧ داوای لە هێزەکانی پێشمەرگە کردووە لە ماوەی سێ تا چوار کاتژمێردا بگەڕێتەوە بۆ شوێنەکانی پێش ٢٠٠٣(89)، لەو ماوەیەدا چەندین دانیشتن و گفتوگۆ لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی و سوپای عێراق دروست بوو.

بەلام دوای نۆ رۆژ لەم دانیشتنە ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاننامەیەکی دەرکرد تێیدا هاتووە:

١.کۆمەڵێك هەرزە، رەفتاری خیانەتیان کردوو رێگەیان بە حەشدی شەعبی و سوپای عێراق دا لە ١٦ ئۆکتۆبەردا بێنە نێو شاری کەرکوکەوە.

٢. بەیاننامەکە دەڵێت دەستور لە لایەن بەرپرسانی بەغداوە بە پێی ویستی خۆیان لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە بەرژەوەندی کەسدا نیە و رێگر دەبێت لەە یەکتر قبول کردن و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە.

لەو بارەیەوە دکتۆربەختیار شاوێس ئەندام پارلەمانی عێراق لە لیستی یەکێتی لە پەیجی تایبەتی خۆی لە فەیس بووك لە رۆژي ٢٠١٧/١١/١٩ لە بابەتێکدا بە ناونیشانی پارتی و خیانەت لە پایتەختەوە بۆ دلی کوردستان بابەتێکی بلاوکردۆتەوە، دەڵێت ئێمە لە شاری کەرکوك بەرگریمان کردووە و شەهیدمان داوە بەلام پارتی دیموکراتی کوردستان کە پارێزگاری لە کێلگە نەوتیەکانی بای حەسەن و هاڤانەی دەکرد بێ بەرگری چۆلي کرد و پاشان شارەکانی دوبز و مەخمور و شەنگال و تلکێف و باشیك و زومارو سد موسل و عانە و عین زالەو... تەسلیم بە هێزە عێراقیەکان کرد، لە درێژەی وتەکانیدا شاوێس دەڵێت ئێمە گەراینەوە شاری بەغداد ئەوان(مەبەستی لیستی پارتیە) وەکو خیانەت تەماشایان دەکردین، ئێستا ئەوانیش گەراونەتەوە پارلەمانی عێراق بە خیانەتی نازانن بەلام ناگەڕێنەوە دلی کوردستان؟!

لە لایەکی ترەوە هادی عامری لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژە دەکات کە ڕۆڵیان هەبوو لە ڕازیکردنی هێزی پێشمەرگە کە بەبێ خوێن ڕشتن پاشەکشە لە ناوچە جێناکۆکەکان بە گشتی و شاری کەرکوك بەتایبەتی بکەن[90]. ئەم وتانەی عامری ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە کە هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕێگەی گفتوگۆوە پاشەکشەیان لە شاری کەرکوك کردووە، ئاراسی شێخ جەنگی کە لە ڕۆژی ١٦ ئۆکتۆبەر لە نێو شاری کەرکوکەوە بۆ ڕاگەیاندنەکان قسەی کرد، بەرپرسیارێتی کشانەوەی پێشمەرگەی ڕووبەڕوو کرایەوە، لە نامەیەکدا بۆ پارلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت کە ئامادەیە چەندین

---

[88]چاوپێکەوتن لە گەڵ مام سیامەند، کۆیە، ٢٠١٧/١١/٢٥.

[89] .www. Radio Nawa.com/Arabic/wiew, aspx 20/11/2017

[90] ٢٠١٧/١٢/١٦ /141220174http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq.

زانیـاری ورد و گرنــگ ســەبارەت بە لەدەســتدانی کەرکـوک لە کۆبــونەوەیەکی کــراوەی پەرلەمانــدا بخــاتە ڕوو، ئەم هەوڵەی ئــاراس شــێخ جەنگــی دەنگــدانەوەی زۆری بەدوای خۆیــدا هێنــاو هەرزوو پــارتی دیمــوکراتی هێنــایە ســەر خەت بــۆ ئەوەی ڕێگــری لەهەر جــۆرە کۆبــونەوەیەکی لەوجــۆرە لەنــاو پەرلەمانـــدا بــکەن، لەدوای ڕووداوەکـــانی ١٦ ی ئـــابەوە زۆربەی لایەنەکـــان لێـــدوانیان لەســـەری داوە، بەڵام تـــاوەکو ئێســـتاش هـــیچ کەس ولایەنێــک قســـەی کۆتـــای لەســـەرهۆکاری ڕووداوەکـان نەکـردووە، ئەوەی کەهەیە هەمــووی لێـرەو لەوێ بەپێـی بەرژەوەنـدی خــۆی و دورخســتنەوەی شکســتەکان لێـی قســـە لەســـەر ڕووداوەکە دەکـات. ئـاراس شــێخ جەنگـی بۆکۆتــایی هێنــان بەو دەنــگ گۆیــانە لە ڕێکەوتــی (١٢/١٢/٢٠١٧) ڕایگەیانــد ئامــادەم بچــمە بەردەم پەرلەمـــان و هەمــوو راســتی ڕووداوەکــان وەکــو خــۆی لەبەردەم ئەنــدام پەرلەمـــان و ڕاگەیاندنکارانــدا بــۆ هەمــوو هاووڵاتیـان ڕوون بـکەمەوە، بەلام پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان بەهــۆی ئەوەی نایەوێـت خەڵـک ڕاستیەکان بزانن ڕێگری دروست دەکەن [91].

ئـێمە لە دەرئەنجــام و ڕاســپاردەکاندا ڕای خۆمــان لەم بــارەیەوە دەخەیــنە ڕوو ئــایە ئەم بــابەتە لە دوو تــوێی خیانەتــدا شوێنی دەبێتەوە یان نا؟

هەرچەنـــدە ناکرێـــت ئامـــاری شـــەهیدان و برینـــدارەکانی ڕۆژی ١٦ی ئۆکتـــۆبەر فەرامـــۆش بکـــرێن، کە شـــەهید و برینـداریيان بەخشـیوە، بە پێـی ئامارێـك کە لە بەر دەسـتی ئـێمەدایە و لە پاشـکۆی ژمـارە (٦) تێکـرای نـاوی شـەهیدان و برینـدارەکان بلاوکـراوەتەوە، لە کـۆی ٣٨ شــەهید تەنهـا ٣ لەو شــەهیدانە ســەر بە پــارتی دیمــوکراتی کوردســـتانن و ئەوانەی تـر لە نێـو هێزەکـانی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتاندا کاریـان کـردووە، لە کـۆی ١٧٠ پێشـمەرگەی برینـدار، ڕێـژەی ڕەهایـان لە نێـو ریزەکـانی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتاندا کاریـان کـردووە، هەڵـبەتە دەکرێـت ئەمە وەکـو بەڵـگەیەك ئەژمـار بکرێـت کە یەکێتـی نیشـتمانی کوردســـتان بەرگـری کـردووەو قوربـانی پێشـکەش کـردووە، هەرچەنـدە ئەگەر جەنـگ و بەرگـری تێکـرای ســەنگەرەکانی پێشــمەرگە رویبــدایە ئەوا شــەهید و برینــدارەکان زۆر لەو ژمــارەیە زیــاتر دەبــوون. بە پێـی شــوێنی شــەهید و بریندارەکان تەنها جەنگ لە تازە/چارداغلو، فرۆکەخانە و دوزخورماتوو، پیشەسازی رویداوە.

---

[91] ٢٠١٧/١٢/١٦ =https://mtmana.com/?p43491.

**ئاماری شەهیدان و بریندارەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە شاری کەرکوك و دوز خورماتوو**

| ژ | یەکەی دەوامکردن پێش شەهید بوون | شەهید | بریندار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لیوای یەکي پیادە | ٤ | ١٨ | |
| ٢ | لیوای ١٠٢ ی پیادە | ٢٠ | ٤٣ | |
| ٣ | لیوای سێ و لیوای حەوت تایبەت | ٥ | ٢٨ | |
| ٤ | بەرگری و فریاکەوتن | ٥ | ٤٤ | |
| ٥ | هێزەکانی پشتیوانی دوو | ١ | ٨ | |
| ٦ | مەڵبەندی حەمرین/دووز | ٢ | ١٥ | |
| ٧ | هێزەکانی حەفتا | ١ | ٠ | |
| ٨ | فەوجی ٧١ | ٠ | ٨ | |
| ٩ | لیوای ١٣٤ | ٠ | ٥ | |
| ١٠ | لیوای ١٦ی پیادە | ٠ | ١ | |
| | **کۆی گشتی** | **٣٨** | **١٧٠** | |

# ئەنجام و راسپاردە

١. سەرەرای ئەوەی ئەو باروودۆخەی شانزدەی ئۆکتۆبەر دروستی کرد کە لێدانێکی کوشندە بوو بەر پرۆسەی سیاسی کوردستان چ لە ئاستی نێو خۆی و چ لە ئاستی دەرەکی کەوت، بەلام نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان پەیامی خۆی ئاراستەی هەموو جیهان کرد کە نایەوێت لە چوارچێوەی عێراقدا بمینێتەوە و ناتوانێت لە گەل ئەو هێزەدا کاری هاوبەش ئەنجام بدات. لە ئاستی نێوخۆیشدا دەنگی نارەزای لە دژی پارت پەرستی و نەتەوە و خاك فەرامۆش کردن لە هەموو ئاستەکاندا بەرز بووە و شکست بوو بۆ جەمسەرە تاکرەوەکانی کوردستان، رەنگە ئەگەر لە باروودۆخێکی لەو شێوەیە نەبوایە بە هیچ شێوەیەك دەست بەرداری دەسەلات نەبوونایە، جگە لەوەی لێرەوە ئابوری پارتەکان لاواز دەکات و جەماوەری دژي سیستەمی حیزبایەتی یاخی تر کرد. رەنگیشە ئەم پرۆسەیە زەمینەیەك برەخسێنێت کە لە هەلبژاردنەکانی داهاتوودا شەفافیەت زیاتر بێت و تەزویر و ساختە کردن کەمتر بێتەوە.

٢. ئەگەر هەموو لایەنەکان پێکەوە بەرپرسیارێتی ئەم قۆناغە هەلبگرن و پێداچونەوەی خێرا بکەن بە پەیوەندیەکان لە گەل دەورو بەر و جیهان، ئەگەری ئەوە هەیە قۆناغي داهاتوو قۆناغي هەستانەوەی کوردستان بێت، بەلام ئەگەر یەکریزی نێوخۆیي دەستەبەر نەکەین بە دلنیایەوە ئایندەیکی زۆر مەترسیدار چاوەروانمان دەکات، قولبونەوەی قەیرانی دارای زالبونی زیاتری سوپا و هەیمەنەی بەغداد چر بوونەوەی پرۆسەی بە عەرەب کردن زیاتر دەکات و رەنگە قۆناغی داهاتوو قۆناغی چەك کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بلاو کردنەوەی شیعە گەری بێت.

٣. نیگەرانی خەلکی کوردستان لە دەسەلاتدارێتی خۆمالی کوردی گەشتۆتە لوتکە پێویستە سەرکردایەتی کوردستان و حکومەتی هەرێم ئەو باروودۆخە بە هەند هەلگرێت و گوێبیستی گلەیەکانی خەلك بێت، ئەم قۆناغە بکاتە سەرەتایەکی نویٚ بۆ بنیادنانەوە و چاکسازی جدی لە تێکرای سێکتەرەکاندا بکرێت.

٤. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هێزێکی نیشتمانی دروست بکات، بۆ ئەوەی چیتر هەلەی سیاسیەکان بە سەر پێشمەرگەدا نەسەپێندرێت و هێزی تایبەتی کاراکتەرە سیاسی و سەربازیەکان نەمێنێ و هێزەکانمانی پێشمەرگە لە دەست حزب بێتە دەرەوە و بە ئالیات و چەکی نوێ راهێنرێت و لێژنەیەك بۆ چاکسازی لە نێو هێزەکانی پێشمەرگە دروست بکرێت، لەو فەرماندانە بکۆلنەوە کە زۆر بە خێرایی دەولەمەند بوون وەکو بازرگانی جەنگ مامەلەیان کردووە.

٥. پێویستە سەرکردەی هێزە سیاسي و سەربازیەکانی ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان بە گشتی و کەرکوك بە تایبەتی بەشداریان لە شەری ناخۆی یەکێتی و پارتیدا نەکرد بێت و بە گیانێکی نوێوە کارەکانیان دەست پێ بکەنەوە، یاخود کاراکتەرە سیاسییەکانی ئەو دەڤەرانە لە میانرەوەکانی نێو حزبەکان بن.

٦. هێزی پێشمەرگەی کوردستان کاتێك درکی بەوە کردووە کە پشتیوانی نێودەولەتی لە دەستداوە و شەری تانك و هەمەری گولەنەبڕ سەختە و ناتوانێت بەرگری بکات پاشەکشەی کردووە. سەرڕای ئەوەی لە چەند ناوچەیەکی پێکدانان رویداوە چەندین قوربانی لێکەوتۆتەوە، بەلآم شەرەکە هەموو بەرەکانی نەگرتەوە و لە خانەقینەوە تاکو سنوری خاکی سوریا لە زۆرینەی ناوچەی کێشە لە سەر یان ئەو زەوییانە لە دوای هاتنی داعشەوە دەستی بە سەردا گیرا بوو پاشەکشەیان کرد.

٧. ئێمە لامان وایە ئەگەر پرۆژەی ٣٨ خالیەکەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی جێبەجێ بکرایە کارێکی بەجێ دەبوو بەکەمترین زیان لەو باروودۆخە شاری کرکوك رزگار دەبوو، کاتێك ئەوە نەکرا پاشەکشە بە گونجاوتر لە شەر دەزانین وەکو عەرەب دەلێن (تتنازل قبل ما تكاسر)، تەنازل بکە پێش ئەوەی تێکبشکێیت.

٨. ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان ئەو ڕەوشە خراپەی کە خۆی هەیبوو خراپتری کرد. لەبری بەرەوپێشبردنی سیستەمی فیدراڵی و دەسەڵاتی سیاسی کورد، نیازپاکی نێودەوڵەتی لە ئاست خۆی بەفیڕۆدا، جگە لەوەش بەغدا و وڵاتانی تری دراوسێی کردە دوژمنی خۆی و قەیرانی ئابوری و لەتبوونی کۆمەڵایەتی قوڵتر کرد. هاوکات بووە هۆی

لەدەستدانی چەندین سەرچاوە و ناوچەی گرنگ. هێزە عێراقییەکان، کەرکوک و کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک و ناوچە جێ ناکۆکەکانی تر، پاش کشانەوەی پێشمەرگە بە گفتوگۆ، خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابوری و سیاسیشەوە کەنارگیرکراوە. هەرچەندە حکومەتی هەرێم لە کاردانەوەی شکستی سیاسی و پێشڕەوی هێزە عێراقییەکان بۆ ناوچە جێناکۆکەکان پێشنیازی سڕکردنی ئەنجامی ڕیفراندۆمی خستەبەردەم بەغدا، بەڵام حکومەتی عێراق داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی ڕیفراندۆم دەکات. ڕیفراندۆم زیاتر بووە هۆی قوڵبوونەوەی قەیرانەکان و نوێبونەوەی ناکۆکیەکان. سەرکردایەتی هەرێم پێشتر جەختی دەکردەوە کە هەرێم سیستمێکی دیمکراسی عەلمانی پەیڕەودەکات و لەڕووی ئابوری و سەربازییەوە گەشەی کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا هەرێم کە لەڕووی بەڕێوە بردنەوە شکستی هێنا بوو، ماوەیەکی زۆرە لەڕووی ئابورییەوە هەرەسی هێناوە، لەڕووی دامەزراوەییەوە لاوازە و لەڕووی سیاسیشەوە دابەشبووە.

# لیستی سەرچاوەکان

## پەرتوک

1. مەسعود عەبدولخالق: ناسنانەی کەرکوك و ناوچە دابێنراوەکان بە پێی بەلگە نامە نێودەولەتیەکان، پێداچونەوەی زیرەك ئەحمەد رەحمان، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣.
2. ناوەندی توێژینەوەی ستاندەر: ریفراندۆمی کوردستان بە پێی یاسای نێودەوڵەتی، ئایاری، ٢٠١٧.

## پێگەی ئەلیکترۆنی:

3. www.washgtonpost.com %2 famphtml%2fworld%2middle east %2firaqis-seize-military-base-oilkurdish forces near kerkok..25/11/2017
4. ٢٢ تشرینی یەکەم ٢٠١٧ www.sbeiy.com/?=44497.
5. www.lvin press.com/n/dreja.aspx? /hawal. 18/11/2017
6. www.Gulan media.com/19/11/2017
7. www.snormedia.com.٢٠١٧/١١/٢٠
8. ٢٠١٨/١١/١٨ www.standard.kurd.net سەلاح زانا: پێویستە دیوە باشەکەی ریفراندۆم بنرخێندرێت، پێگەی ئەلیکترۆنی
9. www.miletpress.com/Detail.aspx.Jiamre=5010218/11/2017
10. www. nrttv com./details.aspx jimare 89168, 18/11/2018
11. facebook.com/Kurani.gall/videos,166135536777243
12. .www. Radio Nawa.com/Arabic/wiew, aspx 20/11/2017
13. wwwMeletpress.com/Detail.aspx?/Jiamre=50102)18/10/2017).
14. www.Facebook.com/kurani.gall/videos16013553777243
.٢٠١٧/١٠/16

## تەلەفیزیون:

15. وتەی لاهوری شێخ جەنگی لە رێگەی تەلەفۆنەوە، تەلەفیزیۆنە ئاسمانی گەلی کوردستان، ٢٠١٧/١٠/١٦
16. لاهوری شێخ جەنگی: تەلەفیزیونی ئاسمانی گەلی کردستان، ٢٠١٧/١٠/١٦
17. ئالا تالەبانی، تەلەفیزیۆنی ئاسمانی گەلی کوردستان،٢٠١٧/١٠/١٦

## چاوپێکەوتنەکان:

18. چاوپێکەوتن لە گەل تالیب مام فاروق، گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.
19. چاوپێکەوتن لە گەل تاریق کانی رەشي: گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.
20. چاوپێکەوتن لە گەل حەمە رێگر، میحوەری پێنجی رۆژئاوا، ناحیەی پردێ- ئالتون کۆپري، ٢٠١٧/١١/١٠.
21. چاوپێکەوتن لە گەل س.ح.ن: گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.
22. چاوپێکەوتن لە گەل عوسمان بانی مارانی، کۆیە، ٢٠١٧/١١/٢٥).
23. چاوپێکەوتن لە گەل فەرماندەی هێزەکانی هەشتا کە نەیوست ناوی بلاو بکرێتەوە، میحوەری پێنجی رۆژئاوا، ناحیەی پردێ-ئالتون کۆپري، ٢٠١٧/١١/١٠.
24. چاوپێکەوتن لە گەل مام سیامەند چاوپێکەوتن، کۆیە، ٢٠١٧/١١/٢٥.
25. چاوپێکەوتن لە گەل هیوا رەش، ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٧/١١/٦.
26. چاوپێکەوتن لە گەل وەستا رەسول، گوندی مەرزیخە، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١١/٧.
27. چاوپێکەوتن لە گەل یاسین دەربەندی، گوندی ئیلنجاغ، ناحیەی شوان، ٢٠١٧/١٠/٢٤.

# پاشکۆی بەڵگەنامەکان

## ژمارە (١)



سلێمانی

٢٠١٧/١٠/١٤

بە هۆی ئەو بارودۆخە هەستیار و نالەبارەی هاتۆتە ئاراوە لە ناوچە جێناکۆکەکان (ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم) بەگشتی و شاری کەرکوك بەتایبەتی، وە بوونەوەی ناکۆکیەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان ئەگاتە ئاستی روودانی شەڕێکی نەخوازراو لە نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کەزیانی گەورە بەهەرێم و عێراق دەگەیەنێت بۆ ئەم بابەتە،کۆمیتەی سەرکردایەتی بڕیاریدا :-

١. سەرکردایەتیەکی سەربازی هاوبەش لە سنوری کەرکوك پێك بهێندرێت نوێنەرانی هێزەکانی ئەمریکا و پێشمەرگە و سوپای عێراقی تێدا بێت، ئەرکی سەرەکیان بریتی دەبێت لە دابینکردنی ئاشتی و ئارامی لەو ناوچانە و بارەگاکەشی لە سەربازگەی کەیوانی شاری کەرکوك دەبێت.

٢. هیچ هێزێکی سەربازی نەهێندرێتە ناو شاری کەرکوك.

٣. کێشە و ناکۆکیەکانی تر لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە رێگەی دیالۆگ لە چوارچێوەی دستور چارەسەر بکرێت.

٤. نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا هاوکار و پشتیوان بن بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی سەرەوە

XXXXXXXXXXXXX

هاشم لەتیف

وریا ڕسوڵ

[illegible]

د. ئاریز عبداللە

قادر عزیز

[illegible]

جمیل هەورامی

- د. خەسرەو
بە تەلەفۆن

- وەستا حەسەن بە تەلەفۆن

- حەیدەری حەمە سەعید کاکە عەدنان

- کاک عومەر ... لەگەڵم بە ... ئاکاک

- بێگەرد ... لەگەڵ بە تەلەفۆن.

- ثریا و ... بە تەلەفۆن.

## ژماره (٢) لای وەستا رەسول پارێزراوە



# ژماره (٣) لای وەستا رەسول پارێزراوە












# ژمارە (٤) پرێس کۆنفرانسی برێت ماکگۆرگ

**Press Conference by Special Presidential Envoy McGurk in Erbil, Iraq**

Brett McGurk
Special Presidential Envoy for the Global Coalition To Counter ISIS, Office of the Special Presidential Envoy for the Global Coalition To Counter ISIS

**Erbil, Iraq**
**September 14, 2017**

---

**MR. MCGURK:** Okay. Thank you very much for joining me. Unfortunately, I have to keep this fairly short, but I just wanted to give a brief update on a series of really very constructive and positive meetings that we've had here in Baghdad and Sulaymaniyah, here in Erbil, and today in Dahuk.

So, began a couple nights ago in Baghdad. We met with Prime Minister Abadi and members of his team for about two-and-a-half hours, discussing not only the fight against Daesh, but also the overall situation here in Iraq and in the region.

And the United States, our entire international coalition, which is now 69 countries, we have tremendous confidence in Prime Minister Abadi. We believe he's done a tremendous job in leading this overall campaign against Daesh.

And also, very importantly, the overall regional environment. We've seen a historic rapprochement between Saudi Arabia and Iraq. That's very important. I was in Amman before I came here to Iraq. And opening the Trebil border crossing between Jordan and Iraq, also a very important moment. So we're working very hard to make sure that, in the post-Daesh environment, we also have an improving regional environment, as Iraq gets further integrated into the region.

Then traveled to Sulaymaniyah. And let me first say whenever I'm here in the Kurdistan region just how honored we have been to work with all of you and with the heroic Kurdish Peshmerga in this fight against Daesh. The Peshmerga have suffered almost 2,000 martyrs in this overall campaign, and the Iraqi forces have probably suffered five times more.* So if you put that into context, this has really been a very extensive campaign against Daesh. It has now lasted almost three years.

We can see there is still a few battles to go. I just came from a briefing on the upcoming operations in Hawija. But the combination of the sacrifice from the Kurdish Peshmerga is something that we, the United States, our entire coalition, and the entire world are -- really honor. We extend our condolences to the martyrs and to the families, and similar to all those lost on the side of the Iraqi Security Forces.

And the historic cooperation we've seen between the Kurdish Peshmerga and the Iraqi Security Forces has really been essential to the victories we've seen recently against Daesh, particularly in Mosul. And again, I just came from a briefing on a very important meeting that was held today between leaders of the Kurdish Security Forces and the Iraqi Security Forces for upcoming operations in Hawija. And I'm very pleased that that cooperation remains very strong. And that's something that we want to see continue, obviously.

So, even as there are political disagreements ongoing, which I will discuss, it is very important that we remain united and focused on the effort to defeat Daesh and ensure they have a lasting defeat. And this war against Daesh is not over. They are still in Hawija, just south of here. And those operations will be starting very soon. And we have to make sure that we all remain focused on this very serious threat.

So in Sulaymaniyah we had very good meetings with the leadership of the PUK. We saw Hero Talabani, we saw Bafel Talabani, we saw Lahur Talabani. And I extended my best regards to them and for their cooperation with us. I also sent my best regards to Mam Jalal, who has been such a close partner of ours for so many years, and also praise the heroic sacrifice of the PUK, not only in this campaign against Daesh, but over so many years here in the Kurdistan Region.

We met with the leadership of the Gorran Party, and I extended my deepest condolences on behalf of the United States for the loss of Nawshirwan Mustafa. The loss is really profoundly felt. And I extended my regards to him on behalf of us. And also had a very good meeting with the new leadership of the Gorran Party and the importance of fully participating in the political process, being a part of the process here. And we had a very constructive discussion about the upcoming political horizon here in the Kurdistan Region.

Here in Erbil we had very good meetings with more leaders of the PUK. We saw Vice President Kosrat Rasul yesterday, a very, very constructive discussion. Again, thanked him for his heroic leadership over so many years. I also met with Prime Minister Nechirvan Barzani and his leadership team last night to discuss the many issues confronting the Kurdistan Region and the issues confronting Iraq. Again, a very constructive discussion. And then today we spent most of the day in Dahuk with President Barzani.

In the meetings today with President Barzani, it was very poignant, because we were at a command center in Dahuk, which not too long ago was only about less than five kilometers away from the front line against Daesh. Now, of course, they are hundreds of kilometers away, and we will ensure that they can never come back.

It was also, I think, a very historic meeting. We were joined by the UN Special Representative Jan Kubis, and also by the UK ambassador here to Iraq, Ambassador Frank Baker. And, of course, we had on our side Ambassador Doug Silliman, and our Consul General, Ken Gross.

And I just want to extend our gratitude for the tremendous job that our American team is doing here on the ground in Erbil and also in Baghdad.

So, obviously, with President Barzani and in all of these engagements, we discussed a number of issues that are on the horizon, including the scheduled referendum, which is scheduled for September 25th. We did, of course, reiterate the position of the United States, that this referendum is ill timed and ill advised. It is not something that we can support. That is not simply our position. That is the position of our entire international coalition. So I don't have to go into all of those details; they have been discussed many times.

I think, most importantly, we had a very, very positive and constructive discussion about a potential alternative path to the referendum. And this was a discussion, again, the United States, the United Nations, the UK, representing all of the partners here of the Kurdistan Region, so many partners of Iraq to talk about a potential alternative path.

And I think President Barzani and his team issued a statement after the meeting noting that this was a very constructive discussion, which it was. I think he welcomed the constructive discussion. That was stated. And also about this alternative that was presented. We understand that this decision is not his alone. This is a decision that has to be made by all the political leaders here in the Kurdistan Region.

And so we would obviously very much encourage the political leaders here in the Kurdistan Region to embrace this alternative path. It is a path focused on a sustained process of negotiation, dialogue, making sure we have a very serious effort through negotiation to resolve many of the outstanding issues that are confronting the region, and the central government in Baghdad.

And I might have to disappoint you because I'm not going to discuss the details of our diplomatic engagement. So I just want to say that they were very constructive, and I'm very grateful for the opportunity to meet with so many leaders over the past two days. And I am hopeful that they will have follow-on discussions here over the coming days, and that they will be very fruitful.

Then I can take a couple questions.

**QUESTION:** Thank you. Ambassador Mr. McGurk, (inaudible). Do you think the objection of U.S. Government to the Kurdistan referendum for independence is in contrary of basic elements of liberty and democracy of the United States?

And my question has another part. The U.S. Ambassador told the Kurdish Party if you hold the referendum it would cause to have conflicts with Hashid Shaabi. Does the United States want to pressure Kurdistan in this way?

